
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە




ژمارە ٨٢٠، دووشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، ٤ی ئاوریلی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

پەیامی ناوەندی سیاسیی حیزب بۆ ١٠ی خاکەلێوە ٤

پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٤٠٠ ٦




کۆبوونەوەی سیاسیی – تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٨



دیمانەی کوردستان ١٠



# ئەندێشەی پێشەوا مەشخەڵانی ڕێگای خەباتمانە



ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کە ئەمساڵ یادی ٧٥ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی بوو، لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکرات و لە دوو بڕگەدا لەسەر گڵکۆی شەهیدانی کوردستان، بەڕێوە چوو.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب بە بەشداریی بەڕێز «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزب و بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە، میوانان و بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە لە بڕگەی یەکەمدا بە ڕێژەی نیزامیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو گڵکۆی شەهیدان دەستی پێ کرد و لەسەر گڵکۆی شەهیدان دوو سروود لەژێر ناوەکانی «ئەی شەهیدان» و «مەرێژن بۆم فرمێسکی خەم» لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوە «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ «خەدیجە لاهیجانی» هاوژینی شەهید «لوقمان مێهفەر»، کچی شەهید «مەلا عەبدولڕەحمان لاهیجانی» و خوشکی شەهید «موراد لاهیجانی»، تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفادارییان لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

لە بڕگەی دووەمدا و پاش خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان پەیامی تایبەتی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ ٧٥ ساڵەی لەسێدارەدران و شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێیانی لەلایەن فاتمە عوسمانی ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا. لە پەیامەکەدا هاتبوو: «ئەو کاتەی کە ڕۆڵەکانی کورد لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتماندا گیان فیدا دەکەن، واتا کاتێک مەرگ لە پێناو ژیاندا خۆ دەنوێنێت، کەمترین ڕێزگرتن لەو فیداکاری و خۆبەختکردنە دیاریکردنی ڕۆژێکە بە ناوی شەهیدان، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە، هەموو ڕۆژێک ڕۆژی ڕێزگرتنە لە شەهیدان و هیچ شوێنێکی ئەو نیشتمانە نییە کە مەزارگەیەکی شەهیدانی لە ئامێز نەگرتبێت، بەڵام بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی تایبەتیدا هەموومان بەسەریەکەوە ڕێز لە شەهیدانی کوردستان بگرین، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد و سەرۆکی تاقانە کۆماری کوردستان، وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دەستنیشان کراوە».

لە بڕگەی دواتر سروودێک لەژێر ناوی «شەهید» لەلایەن کۆڕی موزیکی هێزی پێشمەرگە و منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

دوابەدوای ئەوەش پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن «شەماڵ تەرغیبی»ـیەوە پێشکەش کرا؛ لە پەیامەکەدا ئاماژە بە جێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێشەوا و کار و کردەوەکانی لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری کوردستان کرابوو و تێیدا هاتبوو: « پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری کورد پەروەردە بوو و بنەماڵەکەیان جێگەی ڕێزی خەڵکی ناوچەکە بوو. زانایی و پێگەیشتوویی قازی محەممەد بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە جێگەی ڕێزی خەڵک و جێی باوەڕی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە داوای لێ بکرێت ببێتە ئەندامی ژێکاف. قازی محەممەدی نەمر لە ماوەیەکی کورتدا لە مەیدانی سیاسەتیشدا خۆی نیشان دا، کۆمەڵەی ژێکافی لە ڕێکخراوێکی داخراودا کردە حیزبێک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆی تێدا ببیننەوە. پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و ئەو حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران ئەندامی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردەوە».

بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی شێعرێک بەناوی «شەهید» کە لەلایەن بەڕێز «عەبدولڕەحمان یوسفی»ـیەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خوشکە «ژیان محەممەدی» ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە. لە کۆتاییدا سروودێکی دیکە لەلایەن بەڕێز «غوڵام فاتحی» لەژێر ناوی «تۆ بەهێزی» و بە هاوکاریی کۆڕی موزیکی هێزی پێشمەرگە پێشکەش کرا.

هەروەها ڕۆژی دواتر واتە ١٠ی خاکەلێوە، لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب لە بارەگای جێژنیکان بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە، میوانان و بنەماڵەی شەهیدان ڕێوڕەسمی تایبەتی ڕۆژی شەهیدان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان «مەلا عەلی ئاسریس» بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لە جێژنیکان پەیامێکی پێشکەش کرد.

دواتر گرووپی منداڵانی «ئەستێرە» لە جێژنیکان سروودێکی شۆڕشگێڕییان پێشکەش کرد. لە بەشێکی تردا «هێرۆ عەزیزی» هاوسەری شەهید «ئاکام دەریایی» پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. ئینجا شێعرێک لەلایەن «یووسف ئاجی» پێشمەرگەی کوردستان و شێعرێک لەلایەن منداڵانەوە پێشکەش کرا. دواتر بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە سەردانی گڵکۆی شەهیدانی کوردستانیان کرد. لەسەر گڵکۆی شەهیدان ڕێژەی نیزامیی بەڕێوە چوو و گرووپی منداڵان سروودێکیان پێشکەش کرد.

لە کۆتاییدا تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفا لەلایەن «هێرۆ عەزیزی» هاوسەری شەهید «ئاکام دەریایی» و «قاسم کەڵەشی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانرا.

هەر بەم بۆنەوە پێشمەرگەکانی کوردستان لە چیا سەرکەشەکاندا و لە دوو هێزی ١٣٥ و ١١٥ ڕێوڕەسمی تایبەتی پێشمەرگانەیان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی بەڕێوە برد.

ماڵپەڕی کوردستانمیدیا لەمبارەوە ئاشکرای کردووە کە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، لەلایەن بەشی ڕاهێنانی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان بەتایبەت شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە دەستی پێ کرد.

دواتر «قانع حاجی ئەحمەدی» فەرماندەی هێزی ١١٥ پەیامێکی بۆ ١٠ی خاکەلێوە پێشکەش کرد. لەو پەیامەدا هاتبوو کە ٧٥ ساڵ لەمەوپێش، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، «پێشەوا قازی محەممەد» و هاوڕێیانی لە «چوارچرای» شاری «مەهاباد» لە سێدارە دران و هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕۆژەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کرد و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا ڕێز لە سەرجەم شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدان دەگیردرێت. وتیشی: ئێمە وەکوو میراتگری ڕاستەقینەی کۆمار شانازیی ئەوەمان پێ بەخشراوە کە لە سەنگەری ڕێبەران و هاوڕێیانی شەهیدمان تا وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان تێکۆشان بکەین. ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نەوەی نوێ ئەرکمانە سەنگەری شەهیدان هەردەم ئاوەدان ڕابگرین و تۆڵەی خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکەینەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا لەوحی ڕێزلێنان پێشکەشی «عومەر فەرهوودی» برای یەکێک لە شەهیدانی کوردستان کرا. بەرزڕاگرتنی ئەو یادە مەزنە، بە سروودی «ئەی شەهیدان» کۆتایی پێ هات .

هەروەها لە هێزی ١٣٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم بۆنەوە ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو کە تێیدا پاش خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، «مستەفا مەناف» فەرماندەری هێزی ١٣٥ سەبارەت بە ١٠ی خاکەلێوە پەیامێکی پێشکەش کرد کە لە پەیامەکەی خۆیدا باسی لە مێژووی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و لەسێدارەدرانی پێشەوا «قازی محەممەد» وەک یەکەمین سەرکۆماری گەلی کورد و هاوڕێیانی لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتی لە چوارچرای شاری مەهاباد کرد و وتی ئەم ڕۆژە یەکێک لە تاڵترین و ناخۆشترین ڕۆژەکانە لە مێژووی سیاسیی گەلی کورد و ڕۆژێکە پڕە لە حەماسە و قوربانیدان .هەروەها ناوبراو لە بەرامبەردا ٢ی ڕێبەندانی وەکوو خۆشترین ڕۆژی مێژووی کوردان وەسف کرد.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: «بە دەگمەن ئەو ڕێبەرانەی کە گیانی خۆیان فیدای میللەتەکەیان دەکەن و لە پێناو مافەکانی گەلەکەیان سەری خۆیان دادەنێن، پێشەوا قازی یەکێک لەو ڕێبەرانە بووە. ئەو کەسێک بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە گیانی خۆی بەخت کرد و بە دوژمنانی گەلی کوردی سەلماند کە ڕەنگە ئەوان قازی محەممەدێک لە دار بدەن بەڵام سبەی ڕۆژ دەیان قازی محەممەد لەدایک دەبن». هەروەها لە ڕێوڕەسمەکەدا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمان نوێ کرایەوە. ڕێورەسمەکە بە خوێندنی سروودی «ئەی شەهیدان « لەلایەن پێشمەرگەکانەوە کۆتایی پێ هات .هەر لەم چوارچێوەیەدا تێکۆشەرانی دێموکرات لە «شار»، بە شێوازی جۆراوجۆر وەفاداری و ئەمەگناسی خۆیان بە ڕێبازی پێشەوا نیشان دا و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی حیزبەکەی قازی نوێ کردەوە.

## پەیڤ

### بێ کۆتایی

**کەریم پەرویزی**

کردار و جووڵەکان لە جیهانی هەستپێکراو یان بەرهەست، هەموویان لە شوێنێکەوە دەست پێ دەکەن و لە شوێنێکدا کۆتاییان پێ دێ؛ بەو مانا کە هەر جووڵەیەك و هەر کردارێك، دەچێتە خانەی ڕووداوێکی کاتییەوە کە گرێدراوی کاتە و بە تێپەڕینی کات، ڕووداوەکە دەگۆڕێ یان تەواو دەبێ و هەست بە بوونی لە جیهاندا ناکرێ.

بەڵام بۆ دەربازبوون لە داوی زەمان و کات، ڕێگایەك هەیە ئەویش پەیوەستبوونە بە جیهانی هزر و ئیدەوە یان جیهانی داماڵراو لە کات. لە دونیای بەرئاوەز یان پێوەندیدار بە هزر و ئاوەزەوە، ئیدی پارامێترێک بەناوی کات کاریگەریی نییە، بەڵکوو ڕێککەوتن و وێکچوون لەگەڵ فاکتەرەکانی خانەکانی مێشك و بیرکردنەوەی کەسەکاندا دەوری کاریگەری هەیە. لەڕاستیدا وێکچوون دەبێتە جێگرەوەی کات و لەوێدا هەر تاکێك ئەوەی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئاشنا بێ وەریدەگرێ و دووبارە دەبێتەوە هۆکاری لەدایکبوونەوەی هزر و ئەندێشە.

لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لە کوردستانیشدا، هەر تاکێك ڕۆژانە و ساڵانە هەزاران کردەوە و کرداری دەبێ و پێوەندی لەگەڵ تاکەکانی دیکە دەبەستێ کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کردارانە کاتین، یانی گرێدراوی کاتن و بە تێپەڕینی کات، کاریگەرییان تەواو دەبێ و لەڕاستیدا ڕووداوەکە دەمرێ.

ڕەنگە زۆرجار ڕوو بدا کە لە کۆمەڵگادا، تاکێك بە هۆکارێك تەنانەت بە ئانقەستیش گیانی لێ بستێندرێ و دەسەڵاتی دادوەری، بۆ ڕاستکردنەوەی هێڵی بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵایەتی سزایەك بۆ تاوانباری کوشتنەکە دیاری بکا و لە هەندێ دەسەڵاتیش تەنانەت بکوژ، ئێعدام دەکەن تاکوو موعادڵەی مەرگ و ژیانەکە هاوسەنگ بێتەوە و کەسێك لە بەرامبەر گیانی کەسی دیکەدا بکوژرێتەوە و بەوشێوە کۆمەڵگا هەست بە ئاسوودەیی بکات کە ئیدی هەموو شت دووبارە لە جێی خۆیە و بەو شێوە مەرگی بکوژ و کوژراو دەبێتە ڕووداوێکی کاتی و بە تێپەڕینی کات، کۆمەڵگا فەرامۆشی دەکات.

بەڵام هەندێ مرۆڤ هەن کە ژیانیان و مەرگیان لە گرێدراویی بە کات دەرباز دەکەن و ئەوان فاکتۆری هزر و ئاوەز دێننە بەر دیدە و بڕوا. لەڕاستیدا کردەوەیەك دەنوێنن کە لە هزری مرۆڤەکانی دیکەدا وەکوو نووسراوەی سەر تاشەبەردەکان هەڵدەکەنرێ و فاکتەری وێکچوون

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# سپاسنامەی ناوەندی هاوکاری لە بابەت بەڕێوەچوونی بەشکۆی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز

هاونیشتمانییانی خۆشەویست،
خەڵکی بە هەڵوێستی کوردستان!

جارێکی دیکە و لە نەورۆزی ئەمساڵدا شکۆمەندیی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەلایەن ئێوەی خۆشەویست و بەشداریی گەرموگوڕتان لەو ڕێوڕەسمانە، مانایەکی دیکەی بە نەورۆزی ئەمساڵ بەخشی. بۆیە جێی خۆیەتی پڕبەدڵ سپاس و ڕێزی بێ پایانی خۆمانتان پێشکەش بکەین و بڵێین نەتەوەیەک کە ئێوە تێکۆشەر و خەمخۆری بن لە بەرانبەر هیچ دەسەڵات و حکوومەتێکدا دەستەوەستان نابێت و تەسلیمی ویستی هیچ دیکتاتۆرێک نابێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمساڵیش بە نەریتی ساڵانەی خۆی پێش هاتنی نەورۆز لە ڕێگای دامودەزگا ئەمنییەتییەکانیەوە دەستی دایە هەڕەشە و گوڕەشە و و بانگکردن و لێپێچینەوە لە چالاکانی مەدەنی و لاوانی نیشتمانپەروەر و هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە نابێ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز وەکوو ساڵانی پێشوو بەڕێوە بچێت و تەنانەت لە هەندێک شوێن هەڕەشەی کردبوو کە نابێ جلوبەرگی کوردی لەبەر بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ ئەو فشارانە، لە ڕێگای چەند کەسێکی گوێڕایەڵی خۆیەوە ویستی بە خەڵک بڵێ کە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دژی ئایینی ئیسلامە و بەڵکوو بکرێت لەو ڕێگایەشەوە پێشی پێ بگرێت، بەڵام بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیم هەمووان ئاکامی ئەو سیاسەتە شکستخواردووەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیمان بینی و دیتمان کە ئەوساڵ چەندە بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە ئاوری نەورۆز لە سەرتاسەری کوردستان هەڵ کرا و دیتمان کە خەڵک چەند بە حەماسەت و شکۆوە بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانیان کرد.

ڕێژیم کە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ سیاسەتی هەڕەشە و فریو بەدی نەدەکرد، لەلایەکی دیکەوە پیلان و پلانی ئەوەی هەبوو کە ئەمساڵ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ئەوەندەی بۆی بکرێت لە مانای خۆی بەتاڵی بکات و لەولاشەوە بە دنیای دەرەوە بڵێت کە لە کوردستان نەورۆز بە ئازادانە دەگیرێت بەڵام شکۆی نەورۆزی خەڵک و ڕێوڕەسمەکانی خەڵکی کوردستان ئەو سیاسەتەی ڕێژیمی کردە بڵقی سەر ئاو. ناوندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە تەواوی هەستیان بە شکستی سەرشۆڕانەی خۆیان دەکرد، هەر ڕۆژی نەورۆز و دواتر دەستیان دایە گرتن و دەسبەسەرکردنی خەڵکی کوردستان و دەیان کەس لە چالاکان و لاوانی نیشتمانپەروەر و تەنانەت چەندین کەسی بەساڵاچووشیان دەسبەسەر کرد.

هاونیشتمانییانی خۆشەویست جارێکی دیکە وێڕای سپاس و پیرۆزبایی دووبارەمان بەبۆنەی نەورۆز و سەرکەوتنی ئێوە لە بەرانبەر ڕێژیمدا، سەرنجی هەموو لایەک بۆ ئەو پەیامە بەهێزەی نەورۆزی ئەمساڵ ڕادەکێشین و پێداگری لەسەر دەکەینەوە کە گەلی ئێمە ئەمساڵ بە دروشمی یەکگرتوویی و یەکڕیزی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی وەدەست هێنا، هەر بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە خەڵکی بە هەڵوێستی کوردستان و تێکۆشەرانی گەل پێویستە هەموومان ئەو دروشمە بکەینە مەشخەڵی ڕێگای خەباتمان و تا سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا دەست لە ناو دەست درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین.

**هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ هەموو لایەک**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.

مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۷ی خاکەلێوەی ۲۷۲۲ی کوردی**

# کۆبوونەوەیەکی سیاسیی – تەشکیلاتی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۷ی خاکەلێوەی ۱۴۰۱ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی بەرینی سیاسی– تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە بەشداریی چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، بەرپرسانی نیزامیی هێزی پێشمەرگە، لەلایەن «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «هیجری» باسێکی پێشکەش کرد و لە بابەتەکەیدا ئاوڕێکی لە دۆخی سیاسیی ناوچە و جیهان بە گشتی و کەشی سیاسی و ئابووریی ئێران و کوردستان بەتایبەتی دایەوە.

ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بەهۆی سیاسەتێکی هەڵە کە گرتوویەتە بەر هەم خۆی تووشی قەیرانی جۆربەجۆر کرد و هەم خەڵک و لایەنەکانی تری بە قەیرانەکانەوە سەرقاڵ کرد.

هیجری لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەو لێژی دەچێ کە ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژیم بە قەیرانەکانییەوە دەتلێتەوە و وای کردووە کە ڕەوایی و مەشرووعیەتی بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزیوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لێپرسراوی گشتیی حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران گەیشتووەتە شوێنێک کە تەنانەت بێ‌متمانەیی بە ڕێژیم نەک لەنێو حیزبە دژبەرەکانی بەڵکوو بۆ نێو بەرپرسانی حکومەتیش شۆڕ بووەتەوە کە ئەمە ڕێگەی بۆ زیادبوونی گەندەڵییەکان خۆشتر کردووە.

سەبارەت بە پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوبراو باسی لەوە کرد، بەخۆشییەوە ئاستی تێگەیشتوویی و وریایی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر کە بەشێک لەم خاڵە پۆزەتیڤە بۆ نەخشی خەباتی حیزبەکانی کوردستان و لەم دواییانەشدا بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە کە لە دروشمەکانیدا باس لە سازکردنی هێزی شوێندانەر دەکات.

لە کۆتابەشی قسەکانیشیدا «هیجری» باسی لە ئەرکەکانی ئەندامانی حیزبی کرد و ڕایگەیاند کە دەبێ تاک بە تاکی ئەندامانی حیزب بە وریاییەوە هەنگاو بنێن و قسە بکەن و پێکەوە بە خوێندنەوەی دروست و بە ئاکاری ڕێکوپێک هەوڵ بۆ بەهێزکردنی حیزبەکەمان بدەین. دوابڕگەی کۆبوونەوەکەش بریتی بوو لە دەربڕینی ڕاوبۆچوون و پرسیاری بەشداربووان کە لەلایەن کۆڕگێڕەوە وڵام درانەوە.

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێزیان لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.




# دیداری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیدارێکی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان پێک هێنا.

کۆبوونەوەکە ڕۆژی ۹ی خاکەلێوە و بە بەشداریی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

مستەفا هیجری لە قسەکانی خۆیدا باسی لە ڕۆژی ۱۰ی خاکەلێوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کرد و وتی: «ڕاستە کە ئێمە ڕۆژێکمان لە حیزبەکەماندا دیاری کردووە بۆ بیرکردنەوە لە یادی ئەو شەهیدە خۆشەویستانەمان بەڵام ئەوان لە هەستماندا، لە خوێنماندا و لەڕێبازماندا هەمیشە زیندوون، بەتایبەت بۆ ئێمە کادر و پێشمەرگەکان کە ڕاستەوخۆ ڕێبازی ئەو شەهیدانەمان گرتووە و درێژەدەری ڕێگاکەیانین».

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێک لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان بووە دەبێ لەسەر ڕێبازی شەهیدان بەردەوام بن و وتی: « لەو ڕۆژەدا وەفاداریی خۆمان بە ڕێبازەکە جارێکی دیکە نوێ دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین کە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکەمان لە ڕیزی خەباتکارانی ئەو ڕێبازە گرانبەهایەدا دەمێنینەوە».

هیجری دواتر و لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە ئەرکی کۆمەڵگای کوردەواری و ئەرکی پێشمەرگە و خەڵکی کورد بەنیسبەت خەباتەکە کە ڕێبازی شەهیدانە کرد و هەروەها بەرانبەر بە بنەماڵەی شەهیدان کرد. لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەو ستەمە کرد کە کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بنەماڵەی شەهیدان و خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری دەیکات و ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ هەمووان ڕێز لە بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی ئەو خەباتکارانە بگرین کە لەژێر گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیدان.

مستەفا هیجری لە بەشی کۆتاییدا پەرژایە سەر ئەرکی خودی بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەت هاوسەرانی شەهیدان و وتی: « کاتێک هاوسەری شەهیدێک ئەرکی منداڵەکانی شەهیدەکەشی دەکەوێتە سەر شان، هەم جێگای بابیان بۆ دەگرێتەوە و هەم جێگای دایک، ئەرک و زەحمەتێکی زۆری لەسەر شانە. هاوسەری شەهیدەکانمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەبێ ئەرکەکانیان بەنیسبەت منداڵەکانیان بە دروستی بەڕێوە ببەن. منداڵەکانیان گۆش بکەن بە دەنگ و سروودی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانی، ئەوان بە سەربەرزییەوە منداڵەکانیان وریا بکەنەوە، شارەزایان بکەن کە بابی ئەوان، برای ئەوان و کەسوکاری ئەوان لە چ ڕێبازێکدا و بۆچی سەری خۆیان داناوە یان لە زینداندا بەسەر دەبەن».

هیجری لە کۆتاییدا وتی: «مەکتەبی شەهادەت لە حیزبی دێموکراتدا، مەکتەبی لێ فێربوونە و ئێمە هەموومان لەو مەدرەسەیەدا پێگەیشتووین و لەو مەدرەسەیەدا ڕێگاکەمان درێژە پێ دەدەین.

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێزیان لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.



# پەیامی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

هاونیشتمانییانی هێژا،
بەڕێزان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان؛
یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد، نەمر قازی محەممەد، سەدری قازی و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ ئێوە بەڕێزان لەم ڕۆژەدا جارێکیتر دووپاتی دەکەینەوە و پشتیوانیی خۆمان لە ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان نوێ دەکەینەوە.

٧٥ ساڵ پێش ئێستا، ڕێژیمی دژە گەلیی پاشایەتیی ئێران لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕێبەرانی کوردی دڕندانە لە سێدارە دا و کۆماری کوردستان کۆتایی هات.

پێشەوا کەسایەتیی مەزنی کورد کە ئەستێرەیەکی دروشاوەی خاکی کوردان بوو، بۆ ئەوەی هەم ڕێبازی گیانبازی و هەم درێژەپێدانی ئەم ڕێبازە هەمیشەیی بێت و بۆ پاراستنی خاک و دانیشتووانی کوردستان لە بەرانبەر دڕندەکانی ڕێژیم شاهەنشاهی بپارێزێت، گیانی خۆی فیدای ئامانجەکانی گەل کرد.

گیانفیدایی پێشەوای نەمر وانەیەکی بەهێز بوو بۆ گەلی کورد و ڕۆڵەکانی کوردستان کە ئازادی فیداکاری و قوربانیدانی دەوێ، بۆ ئەم ئامانجەش پێویستە ڕێبەر و سەرداری کورد بە کردەوە بیسەلمێنێت کە کورد تا چەند تامەزرۆی ئازادی و ڕزگاریی نیشتیمانە» و بۆ بەختەوەریی نەوەی نوێی ئەم خاکە پاکە گیان دەبەخشێت و هەمیشە لە ڕێزی پێشەوەی فیداکارانە.

ئێمەش ڕێبوارانی بە ئەمەگی ئەم سەردارەی کورد مەیدان بۆ خوێنمژانی کوردستان چۆڵ ناکەین و بەڵێن و پەیمان لە گەڵ پێشەوای نەمر و هەموو شەهیدان نوێ دەکەینەوە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانمان چاونەترسانە بەردەوام و ڕێبواری ڕێگای شەهیدانی کوردستان بین. بەرز و بەڕێز بێت یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕووحی پێشەوای مەزن و شەهیدانی کوردستان شاد مەرگ و نەمان بۆ داگیرکەرانی نیشتیمانی کوردان

**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران**
**٨ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی**

# فێستیڤاڵی ساڵانەی خوێندنگەی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو




فێستیڤاڵی ساڵانەی خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حوکمی و حیزبی، بە ئەنجامدانی چەندین چالاکیی جۆراوجۆر، ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوە بەڕێوە چوو.

فێستیڤاڵەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

لەم فێستیڤاڵەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە کۆیە و کۆڕی پەروەردەی حیزبی دێموکرات تێیدا بەشدار بوون، جیا لە پێشکەشکردنی وتار، لە چەندین بڕگەدا سروود، گۆرانی، شێعر و چەند تابلۆی هەڵپەڕکێ پێشکەشی ئامادەبووان کرا. هەروەها لە چەند بڕگەی جیاوازدا سپاس و پێزانین پێشکەش بە مامۆستایانی قوتابخانەکە و قوتابییانی سەرکەوتوو و بلیمەتی قوتابخانەکە کرا.

لە بەشێکی تری ڕێوڕەسمەکەشدا دیاریی تایبەت بە خوێندکارانی خولی باڵەی (والیباڵ) خوێندنگەکە درا کە توانیبوویان لە ماوەکانی ڕابردوودا پلەی یەکەم لە ئاستی هەموو خوێندنگەکانی کۆیە وەدەست بهێنن. کۆتابڕگەی ئەم فێستیڤاڵە بریتی بوو لە هەڵپەڕین و گۆڤەند و دەربڕینی شایی و خۆشی.

# پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
خەڵکی خۆشەویست و بەئەمەگی کوردستان!
زیندانییانی سیاسیی کورد و ڕزگاریخوازانی کوردستان!

هەر وەک دەزانن لە ١٠ی خاکەلێوەی ٧٥ ساڵ پێش یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا ‹›قازی محەممەد ‹› و هاوڕێیانی ‹›سەیفی قازی و سەدری قازی››، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، لەلایەن بەناو دادگای حکوومەتی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانی ئازیزیان بە خاکی پاکی کوردستان سپارد، بۆیە ئەم ڕۆژە کە لە بیرەوەری کورددا وەکوو بیرەوەرییەکی تاڵ و ناخۆش سەیر دەکرێت، لە ئێستەدا کراوەتە هێمایەک بۆ یادکردنەوە شەهیدانی کوردستان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازەکەیان.

ئەم کۆمارە کە خولیا و ئاواتی نەتەوەی ستەملێکراوی کوردە، یەکەم دەسکەوت و سیستمی دێموکراتیک و مودێڕنی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو، پاش یازدە مانگ و چەند ڕۆژ لە دامەزرانی، بە هۆی پیلانە دەرەکی، ناوچەیی و نێوخۆییەکانەوە، کەوتە بەر هێرشی بێبەزەییانەی ئەرتەشی حکوومەتی محەممەدڕەزای شای پالەوی و جوانەمەرگ کرا.

بەڕێزان جێی ئاماژەیە کە ٧٥ ساڵ پێش پێشەوای نەمر بیری لە مافی ژنان، لاوان و تەنانەت توێژی خوێندەواری کوردستان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کردبووەوە و بە کردەوەش لەو کۆمارە کەمتەمەنەدا ختیە بواری جێبەجێکردنەوە و خاڵێکی جێی سەرنجیش ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، لە ناوەندی ئورووپا کە خۆیان بە لانکەی دێموکراسی ناو دەبەن، هیتلەری نازیسم کوورەی مرۆڤ سووتاندنی دامەزراندبوو. تیکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی!

پێشەوا قازی محەممەدی نەمر لەو سەردەمەدا باسی لە ئازادی و مافەکانی ئینسانیی نەتەوەی کوردی دەکرد و لە بەرانبەردا سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی دژ بەم نەتەوەیە زۆر نامرۆڤانە بوو و دوای ئەو ڕێژیمە دڕندەیە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژتر هاتووەتە سەرکار و تا ئەمڕۆ، ئەگەرچی باس لە بەرجامێکی دیکە دەکرێت، لە جنایەتەکانی دژ بە نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوەکانی ئێران دەستی نەپاراستووە و هەر بۆیە جارێکی دیکە، ئێمە وەکوو ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان، لەگەڵ گیانی پاکی شەهیدی ڕێبەر پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تاسەر بە ڕێبازی پیرۆزیان وەفادار دەمێنینەوە.

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان.
بڕووخێت کۆماری پەت و سێدارە.

**یەکیەتییەکانی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی**

# چالاکیی تەبلیغی

**ساڵانە و لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ئەمەگناس و وەفاداری کوردستان بە ڕێبازی شەهیدان، بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی، وێڕای دەربڕینی وەفاداری بە ڕێبازی پڕ لە شانازی شەهیدان، پەیمان و بەڵێن لەگەڵ ڕێگەوڕێبازیان نوێ دەکەنەوە؛
ئەمەی بەر دەستتان بەشێکە لە کۆی ئەو چالاکییانەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا بەم بۆنەوە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجام دراون.**

**نییەر:**
ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە گوندی «نییەر» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لەسەر گوڕی شەهیدان پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دووپات کردەوە و بەڵێنییان دا کە هەتا دوادڵۆپی خوێنیان درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بن.

**مەهاباد و نەغەدە:**
پێشمەرگەکانی شار بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کورستان لە مەهاباد و نەغەدە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لە بۆکان بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان و دانانی ئاڵای کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکرات لەسەر مەزاری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەهاباد لە گەڕەکەکانی «بەری شیلان و بەری مەدرەسە» بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەر بەو بۆنەوە لە نەغەدە لە گوندی «گەرگوولی سەروو و خواروو» ڕۆڵە بە جەرگەکانی دێموکرات لە پەیامێکی ڤیدیوییی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بەرز نەرخاند و بەڵێنیان دا کە هەتا دوا هەناسەی ژین درێژە دەری ڕێبازی شەهیدانی کوردستان دەبن .

**بۆکان:**
لە ناوچەی ئاڵەشین و هەروەها لە ئاوایی ئاڵیکەند سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆر، پێشمەرگەکانی شار بە دانانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکرات لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگایی کوردستان، ١٠ی خاکەلێوەیان بەرز نرخاند و لەگەڵ ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان پیمانی وەفادارییان دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی لە بۆکان چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «گۆڕستانی شەهیدان لە غەوساباد و ناوچەی چۆمی مەجیدخان، ناوچەی تورجان گڵکۆی شەهیدان، کێوە ڕەش، پارکی ساحلی، کوستە، عشایر، شەقامی وەرزش، پارکی میللەت، ئازادگان، عەلی ئاباد، پارکی ئەندیشە، شەقامی ئاموزش پەروەرش، تاریکە بازاڕ، شەقامی ئەسکەندەری.

**ورمێ:**
لە ورمێی حەماسە و خۆڕاگری، لە ناوچەی «دزە دۆڵ» لە گوندەکانی «سامورتە، کەنعان، نەناس، شەیتانئاوا و دزە» قارەمانانی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و سڵاوی گەرمی خۆیان ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و وەک باسکی بەهێزی گەل کرد.

**سنە:**
لە سنەی خوێناوی و شۆڕشدا، ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە بە ڕۆژی ڕووناک بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو شاری سنە تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی شەهیدانیان بڵاو کردووەتەوە و بە دوژمنانی گەلی کوردیان سەلماند کە خوێنی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەل بەفیڕۆ ناڕوات و ڕێبازیان هەروا درێژەی هەیە و شەهید تاجی خوێناویی ژیانە.

ئەو شوێنانەی کە لە سنە چالاکیی تێدا کراوە بریتین لە «سێڕێیانی جەهاد، مەیدانی نەبوەت، چوارڕێیانی عەباس ئاوا، شەقامی نزیک چوارڕێیانی عەباس ئاوا، شەقامی یازدە میتری، کانی کوزەڵە، خسرەوئاوا، ئاویەر، مەیدانی ئەمین بەرانبەر زیدانی سنە.

**بانە:**
لە بانەی ئارباباوە، قارەمانی دێموکرات لە دەشتی سوورێن، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە و بە نووسینی «باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەپێدانی ڕێگایانە» ١٠ی خاکەلێوەیان بەرز نرخاند.

**کرماشان:**
لە کرماشانی تاقوەسانەوە، ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە بلواری «تاقوەسان» ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بەرز نرخاند و بەو بۆنەوە چالاکیی تەبلێغییان ئەنجام دا و ٧٥مین ساڵڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا «قازی محەممەد»یان بەرز ڕاگرت.

## درێژەی پەیڤ

لەگەڵ بڕوا و ئاواتەکان، ڕووداوەکە لە ڕووداوێکی ئاساییەوە دەرباز دەکا و بەرگی کاتیبوونی لێ دادەماڵێ و لە جیهانی بەرئاوەزیدا دەبێ بە بکەرێکی وشیار.

ئەو مرۆڤانە، ئەوانەن کە لە ژیاندا پێشمەرگەن و کۆتایی ژیانیان دەبێ بە دەسپێکێکی دیکە. بە مەرگیان دەبن بە شەهیدێك کە ئیدی هەموو سنوورەکانی کاتیبوون تێدەپەڕێنن و دەچنە بیاڤی هەرمانەوە.

ئیدی لە پێناوی شەهیددا نەك کوشتنەوەی کەسێك بەڵکوو گیان لێئەستاندنی دەیان کەسیش ناتوانێ هاوسەنگیی کات و کاتیبوون بەسەر ڕووداوەکەدا بسەپێنێ، چوونکە شەهید تاکێکی کوژراو نییە کە بە ڕووداوێك تێدا چووبێ بەڵکوو مەرگی شەهید، وشیاربوونەوە و داماڵینی بەرگی کات و پۆشینی بەرگی بوون بە هێما و گەیشتن بە لووتکەی بڕوامەندییە. مەرگی شەهید هەموو فاکتەرەکانی کات و جیهانی بەرهەست تێدەپەڕێنێ و لە مەملەکەتی هەرمانیدا بانگەوازی درێژەپێدان دەکا و بانگهێشتی ڕێبوارانی دیکە دەکا.

بۆیە شەهید نامرێ و لە نیشتمانی بڕوا و باوەڕ و هزردا ڕێبەرە.

# پەیامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی

کۆمەڵانی خەڵکی خۆڕاگر و شەهیدپەروەری کوردستان
تێکۆشەرانی ڕێبازی شەهیدان، ڕێبازی ڕزگاری کوردستان

ئەمڕۆ لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژی شەهیدانی کورستاندا کۆ بووینەتەوە تا ڕێز و ئەمەگناسیمان بەرامبەر گیانفیدایی و لەخۆبردوویی شەهیدانی کوردستان نیشان بدەین و پەیمان لەگەڵ ئامانج و ڕێبازیان نوێ بکەینەوە.
هاوڕێیان و هاونیشتمانیان
لەوکاتەوە نەتەوەی کورد هەستی بە بێ مافی، چەوسانەوە و بەتایبەتی تواندنەوەی نەتەوەیی کردووە، بزووتنەوە و خەباتیشی بۆ ڕزگاری لەو نەهامەتییە بەردەوام بووە و ڕۆڵەکانی کورد ئەوپەڕی فیداکاریان لە خۆیان نیشان داوە و ڕەوتی ئەو خەباتەیان بە خوێنی خۆیان زیندوو ڕاگرتووە، هەر لەبەر ئەوە، ئەو ڕۆڵانەی کە گیانیان لە پێناو پاراستنی نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیی و بەرگری لە مان و مەوجودیەتیی نەتەوەکەیان بەخت دەکەن بە شەهید ناوزەد دەکرێن و پلەی شەهیدبوونیان پێدەبەخشرێ.
ئەو کاتەی کە ڕۆڵەکانی کورد لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتماندا گیان فیدا دەکەن، واتە کاتێک مەرگ لە پێناو ژیاندا خۆدەنوێنێ، کەمترین ڕێزگرتن لەو فیداکاری و خۆبەختکردنە دیاریکردنی ڕۆژێکە بە ناوی شەهیدان، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە، هەموو ڕۆژێک ڕۆژی ڕێزگرتنە لە شەهیدان و هیچ شوێنێکی ئەو نیشتمانە نییە کە مەزارگەیەکی شەهیدانی لە ئامێز نەگرتبێ، بەڵام بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی تایبەتیدا هەموومان بەسەریەکەوە ڕێز لە شەهیدانی کوردستان بگرین، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد و سەرۆکی تاقانە کۆماری کوردستان، وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دەستنیشان کراوە.
١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٧٥مین ساڵڕۆژی ئەو ڕووداوە تاڵەیە، ڕووداوێک کە پێمان دەڵێ فیداکاری و گیانبەخت کردن لە پێناو نەتەوە و نیشتماندا لە ڕۆحی مافویستی ڕێبەرانی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەو تایبەتمەندییە پاش شەهیدکرانی پێشەوای نەمریش سەبارەت بە ڕێبەرانی دیکەمان هەر خۆی نیشان دەدا.
پێشەوا ئەو ڕێبەرەی کە لەو باوەڕەدا بوو کە بە گیانبەخت کردن لە پێناو ڕێباز و باوەڕەکەیدا، نەک ڕێبازەکەی لەنێو ناچێ بەڵکوو ئەو ڕێباز و باوەڕە بە زیندوویی و پەرەگرتوویی دەمێنێتەوە، بە شێوەیەک کە تێکەڵ بە خوێنی هەر ڕۆڵەیەکی ئازادیخوازی کورد بۆتەوە و دەشبێتەوە.
گیانفیدایی کەسایەتییەکی وەک پێشەوا لە پێناو نیشتمان و نەتەوەدا، بوو بە هێمای هەرمان و زیندوومانەوە، بەشێوەیەک کە ئەو گیانفیدایی و لەخۆبردووییە لە دڵ و مێشکی هەر خەباتکار و تێکۆشەرێکی کورددا چەکەرەی کرد، هەر بۆیە دەبینین کە سەدان و هەزاران تێکۆشەر و خەباتکاری کورد ڕێگای پڕ لە سەروەریی نەمرییان هەڵبژارد و بە کردەوە نیشانیان دا کە ئەم نەتەوەیە لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و مافەکانی لە هیچ سەختی و گوشارێک سڵ ناکاتەوە بەڵکوو بە شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی و تەنانەت ڕێبەرانی خەبات بەردەوام و بەرینتر دەبێ.
ئەمڕۆش دەبینین کە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ناوەندیی و زاڵ بەسەر کوردستاندا، سەبارەت بە مافە ڕەواکان و خواستەکانی نەتەوەی کورد، هەمان ڕوانگە و بیرکردنەوەیە کە پێشەوای کوردستانی پێ لە سێدارە درا.
لە بەناو دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە هەمان شێوەی ٧٥ ساڵ لەمەوپێش بڕیار لەسەر ڕۆڵە ئازادیخواز و مافویستەکانی کورد دەدرێ و دەنگی حەقویستیان بە زیندان و سێدارە وەڵام دەدرێتەوە و پشتیوانی بەناو یاسایشی بۆ دادەتاشن، زەبروزەنگ و سەرکوت لەدژی نەتەوەکەمان بەردەوام بەڕێوە دەبەن و تەنانەت لە کەمترین مافەکانی شارۆمەندی بێبەشیان دەکەن.
دەسەڵاتداران باش دەزانن کە ئەوەی لە دژی نەتەوەکەمان کردوویانە و دەیکەن نەک ئێمەی بە چۆکدا نەهێنا و لە داوا ڕەواکانمان پاشگەزی نەکردینەوە، بەڵکوو شێلگیرتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان خەبات دەکەین و لەو پێناوەشدا ئەگەر پێویست بێ باوەش بۆ مەرگ دەکەینەوە.
خەبات و تێکۆشانی بێوچان و بەردەوامی حیزبی دێموکرات نیشانەی زیندووڕاگرتنی ڕێبازی ڕزگاری نەتەوەیی، ئەمەگناسی و وەفادارییە بە ڕێگای شەهیدانی کورد و کوردستان، ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە لە ڕیزەکانی حیزبەکەماندا بە لەخۆبردوویی لە پێناو ئامانجەکانی شەهیدانی گەلەکەمان تێدەکۆشن.
لەگەڵ ئەوەیکە گیانفیدایی لە پێناو ژیان و ئازادی نەتەوەییدا شانازییەکی گەلێک گەورەیە، بێگومان لەدەستدانی ڕۆڵەکانمان بۆ هەموومان بەتایبەت بۆ بنەماڵەکانیان خەمێکی گەورە و بێکۆتاییە، هەر بۆیە پێویستە بەرامبەر بنەماڵەی شەهیدان ئەمەگناس بین و ڕێزیان لێبگرین، لە هەمان کاتیشدا بەڵێنیان پێبدەین کە سووربین لە درێژەدان بە خەبات لە پێناو وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی ڕۆڵە شەهیدەکانمان کە ئەوە باشترین پاداشە بۆ شەهیدان.
لە ڕۆژی شەهیدانی ئەمساڵ، ٧٥ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێکانیدا بەجێیە هەم بەرگرییەکانی پێشەوا لە ماف و ئازادییەکانی کورد لە بێدادگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی بەشێوەیەکی شایان بەرز بنرخێنین و هەم ئەوجارەش ڕاسپاردە و وەسیەتەکانی پێشەوا بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆ تەبایی و یەکگرتویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، ڕوو لەخۆ و پشت لە دوژمن، لەئێمەی دەوێ.
لەکۆتاییدا ئاوەتەخوازین بە دابینبوونی مافی کورد و ئازادییەکانی، ڕەوتی بەربەرینی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی کورد کۆتایی پێ بێ و چیدی نەتەوەکەمان ناچار نەبێ لە پێناو مافی ڕەوای خۆیدا هەڵگری زامی زیاتر بێ.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید پێشەوا و هاوڕێیانی
سڵاو بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان
سەری ڕێز و حورمەت بەرامبەر بنەماڵەی شەهیدان
سڵاو لە زیندانیان سیاسی
سووربوون لەسەر ڕێگای شەهیدان تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان

**دەسەڵاتداران باش دەزانن کە ئەوەی لە دژی نەتەوەکەمان کردوویانە و دەیکەن نەک ئێمەی بە چۆکدا نەهێنا و لە داوا ڕەواکانمان پاشگەزی نەکردینەوە، بەڵکوو شێلگیرتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان خەبات دەکەین و لەو پێناوەشدا ئەگەر پێویست بێ باوەش بۆ مەرگ دەکەینەوە**

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەوا و هاوڕێیانی!



خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان!
ئازادیخوازانی ئێران!
ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانیدا تێدەپەڕێ. ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرەبەیانیی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لەلایەن حکومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران و بوونە سەرقافڵەی کاروانێک کە تا ئێستاش لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا هەر بەردەوامە.
پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری کورد پەروەردە بوو و بنەماڵەکەیان جێگەی ڕێزی خەڵکی ناوچەکە بوو. زانایی و پێگەیشتوویی قازی محەممەد بووە هۆی ئەوەیکە ببێتە جێگەی ڕێزی خەڵک و جێی باوەڕی «کۆمەڵەی ژێکاف» و ئەمە بووە هۆی ئەوەیکە داوای لێبکرێ ببێتە ئەندامی ژێکاف. قازی محەممەدی نەمر لە ماوەیەکی کورتدا لە مەیدانی سیاسەتیشدا خۆی نیشان دا، «کۆمەڵەی ژێکاف»ی لە ڕێکخراوێکی داخراوەوە کردە حیزبێک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆی تێدا ببیننەوە. پێشەوا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و ئەو حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران ئەندامی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردەوە.
قازی محەممەد بوو بە پێشەوای حیزبی دێموکرات و لە ماوەیەکی کورتدا و لە هەنگاوێکی بوێرانەدا لەو دەرفەتەی کە بۆ کورد هەڵکەوتبوو، یەکەمین کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراند کە لەو کات و سەردەمەدا ئەم هەنگاوە بڕیارێکی ئازایانە و بیرێکی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێویست بوو کە پێشەوا و هاوڕێیانی بە لەخۆبوردوویی خەونی نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەتیان وەدیهێنا. پێشەوا بوو بە سەرکۆماری کوردستان و کۆمار بوو بە جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستان و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆماریان بە قیبلەی هیوا و ئاواتەکانیان زانی و هەموویان لە دەوری ئاڵای کۆمار کۆبوونەوە، کۆمار بوو بە ماڵی هەموو کوردێکی خاوەن هزر و بیری کوردایەتی و دامەزرێنەرانی کۆمار مۆژدەی قۆناغێکی دیکەی مێژوویان بە گەلی کورد دا.
پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا پەروەردە ببوو بەڵام سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتووی ئەو قۆناغە بوو کە توانی کورد لە نائومێدی ڕزگار بکا، وێڕای نەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری توانی دەوڵەتێک دابمەزرێنێ کە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە یەک چاو سەیر بکرێن، مافی هەموو کەمینە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دەستەبەر بکا و لەو کات و سەردەمەدا ژنان شانبەشانی پیاوان بێنێتە مەیدانی سیاسەت و یەکەمین ڕێکخراوی ژنان دابمەزرێنێ و ئەم هەنگاوەشی لەنێو بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێکرد. پێشەوا لە ماوەیەکی کەمدا توانی زمانی کوردی بکاتە زمانی ڕەسمی خوێندن و نووسین و چاپخانە و قوتابخانە و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی پەرەپێبدا.
ئەگەرچی ئەم قۆناغە پڕ لە شانازییەی کورد مەوداکەی کورت بوو بەڵام دەسکەوتی گەلێک مەزنی بۆ گەلێکی مەزن بە دیاری هێنا و تا ئێستاش ئەم ڕێگە و ڕێبازە هەر لە برەو و پەرەسەندندایە.
دوای هێرشی لەشکری حکومەتی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بۆ پێشگیری لە خوێنڕژانی خەڵکی کوردستان خۆی کردە قەڵغان و ڕەوانەی بەندیخانەکانی حکومەتی سەرکوتکەری پاشایەتی کرا. پێشەوا وەک چۆن لە کاتی سەرکۆمارییدا ئازایانە کۆماری کوردستانی دامەزراند، هەروا بوێرانەش لە بەندیخانە و بێدادگاکانی حکومەتی پاڵەویدا دیفاعی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی کرد و بە سەربەرزییەوە گیانی خۆی فیدای خەڵکی کورد و نیشتمانەکەی کرد.
حکومەتی حەمەڕەزاشای پاڵەوی وەک زۆر لە زاڵمانی دیکەی جیهان پێیوابوو بە لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەتوانێ بیروهزری مافخوازانەی گەلی کورد لەنێو بەرێ و خەڵک بێدەنگ و ملکەچی دەسەڵاتیان بکا. دوژمنانی کورد هەمیشە ئەو هەڵە گەورەیان دووبارە و چەندبارە کردۆتەوە و ویستوویانە سەری کورد لێبدەن بۆ ئەوەی خەڵکی کورد دەستەمۆ بکەن بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە بە کوشتن و تیرۆر و لەسێدارەدانی هەر ڕێبەرێکی کورد، کورد بەگوڕتر لە جاران خۆی ڕێکخستۆتەوە و هاتۆتەوە مەیدان و ڕێبەر و بلیمەتێکی تر بۆتەوە پێشەنگی ئەم کاروانە.
دوای ٧٥ ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا، وەک دەبینین بیر و ئەندێشەی پێشەوا هەر لە برەو و بەرەوپێشچووندایە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا لەگەڵ دژمن مەیدانداری دەکەن و بست بە بستی خاکی کوردستان یادگار و مەزارگەی ڕۆڵەیەکی کوردە کە لە پێناو مافەکانی گەلەکەیدا تێکۆشاوە یان گیانی خۆی بەختی ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی کردووە. ژنان و پیاوان، کوڕ و کچ شانبەشانی یەکتر چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا و چ لە نێوخۆی وڵاتدا لەژێر زەبروزەنگی داگیرکەردا خەریکی خەبات و بەرخۆدان و تێکۆشانن.
بە لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی و زۆر تێکۆشەر و سەرکردەی دیکەی کورد، کورد نەک هەر نەبەزیوە بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران لە مەیداندا ڕاوەستاوە و پێناسە و کەسایەتی و نیشتمانی خۆی پاراستووە و ڕۆژبەڕۆژ چرای خەباتی کورد درەوشاوەتر دەبێ و ئەم کاروانە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ.
لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و لە حەفتاوپێنجەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پەیمان لەگەڵ ڕۆحی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کورد نوێ دەکاتەوە و بەڵێن دەدا کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کۆمار لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێ و لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین کە بە هیوا و ئومێدەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان و بەربەرەکانی لەگەڵ دژمن شانبەشانی یەکتر و بێ جیاوازی بیروبۆچوون وێڕای حیزبە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم خەباتە درێژە پێبدەن و بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو بنێن.
سڵاو لە ڕۆحی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل مردن و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و بە هیوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و فیدراڵ لە ئێراندا.

**ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی**
**٣٠ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

# دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدار لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان



هاوڕێیانی خۆشەویست

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان

خۆشحاڵم کە لەو ڕۆژەدا جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخساوە لە خزمەتتاندا بم بۆ باسکردن و ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕزگاری کوردستانەکەمان؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزلێنان لەو یادە، ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی ڕێزگرتن لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستنیشان کردووە؛ بۆیە دەڵێین هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان چونکە تەنیا ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزبێک و کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو نییە بەڵکوو هەمو ئەو کەسانەی بە هەموو بیروباوەڕێکەوە ، بە هەر ئایینێکەوە لە کوردستاندا بۆ ڕزگاری کورد، تێکۆشاون و لەو ڕێگایەدا شەهید بوون و گیانی خۆیان بەخت کردووە جێگای ڕێزن.

دیارە خەباتی گەلی کورد زۆر پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێکانی دەستی پێکردووە؛ لەو ڕۆژەڕا کە کورد دابەش کراوە و خاکەکەی و نەتەوەکەی کەوتۆتە ژێر ستەم و چەوسانەوەی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر لە ناوچەدا، خەبات و بەربەرەکانێیش دەستی پێکردووە.

بە درێژایی ئەو ماوەیەشدا بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە قارەمان و نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتەکەمان گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخت کردووە.

ئاکامی ئەو گیانبەختکردن و فیداکارییە ئەوەیە کە تاکوو ئێستاش خەباتی گەلەکەمان سەرەڕای هەموو پیلانەکانی ڕێژیمە داگیرکەر و دیکتاتۆرەکانی کوردستان بەردەوامە، ئەگەر خەباتی کورد وەکوو دارێکی سەوز چاو لێبکەین کە ئێستاش سەوزاییەکەی و سێبەرەکەی، ئێمە ڕێزی لێدەگرین بە خوێنی ئەو شەهیدانە ئاوی دراوە و زیندوو ماوەتەوە؛ ڕاستە بێجگە لە شەهیدەکان خەڵکێکی یەکجار زۆری دیکەش لەو ڕێگایەدا تێکۆشاون و بەدەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و دیکتاتۆرەکانی دیکە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چەوساونەتەوە، ئاوارە بوون، ملک وماڵیان زەوت کراوە و کەمئەندام بوون؛ ئەوانە هەموو جێگای ڕێزن بەڵام لە نێو ئەو کەسانەدا شەهیدان جێگای تایبەتیان هەیە.

بۆیە ڕاستە کە ئێمە لە حیزبەکەمان ڕۆژێکمان دیاری کردووە بۆ بیرکردنەوە لە یادی ئەو شەهیدە خۆشەویستانەمان بەڵام ئەوان لە هەستماندا، لە خوێنماندا و لە ڕێبازماندا هەمیشە زیندوون؛ بە تایبەت بۆ ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کە ڕاستەوخۆ ڕێبازی ئەو شەهیدانەمان گرتووەتە بەر و درێژەدەری ڕێگاکەیانین.

ئێستا بە خۆشییەوە لە کوردستان، لە هەموو بەشەکانیدا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر زوڵم و زۆرێکی بێ ئامانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە، ڕادەی تێکۆشەران لە ژنان و پیاوان، لە کوڕان و کچانی پێگەیشتوو و وریای نیشتمانەکەمان لە ڕیزی ئەو سەربەرزییەدا خەبات دەکەن.

ئەو خەباتە بە شکڵی جۆراوجۆر لە دژی ڕێژیمەکان بەردەوامە و لە ڕۆژهەڵاتیشدا هەر بەو شکڵەیە؛ یەکێک لە شێوەکانی ئەو خەباتە دژی ڕێژیم بەڕێوەبردنی ئەو بۆنە و مەراسمە نەتەوەیی و حیزبییانەن کە لە کاتی خۆیدا بەڕێوە دەچێ؛ بەتایبەتی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز کە شکڵێکی تەواو نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەیان بەخۆوە گرتووە؛ لەو ڕێگایەدا بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی ئەو ڕێبازە لە زیندانەکانی ڕێژیمدا و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا چەوساونەتەوە و تاکوو گەیشتن بە ئامانج هێشتا مەودایەکی زۆرمان لە بەرە بەڵام ئەو ئیرادە و ئەو هۆشیاری و ئاگاهییەی کە ئەورۆ لە نێو ڕۆڵەکانی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیبینین ئومێدمان بە درێژەدانی ئەو ڕێگایە زیاتر لە پێشوویە.

ئێمەش وەکوو پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە کە دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان بوو، ڕێبازەکە بەردەوام دەکەین و لەو ڕۆژەدا وەفاداری خۆمان بە ڕێبازەکە جارێکی دیکە تازە دەکەینەوە و بەڵێن دەدەین کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان ئەوەندەی کە تەمەنمان ئیجازە بدا لە ڕیزی خەباتکارانی ئەو ڕێبازە گرانبەهایەدا دەمێنینەوە و لەو پەیوەندییەدا دەزانین کە گەلەکەشمان هەر لەو ڕێبازەدا هەنگاو دەنێ و وەفادارە بەو ڕێبازە.

ئەوەیکە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ئەمڕۆ زۆر گرینگە، ئەرکی کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و ئەرکی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردە لە هەر جێگایەکن بە نیسبەتی خەباتەکە لەلایەک، کە ڕێبازی شەهیدەکانمانە و بنەماڵەی شەهیدەکانمان لە لایەکی دیکەوە.

**دەبێ هەموو لایەک لە نێو کوردستاندا ڕێز بگرن لە بنەماڵەی شەهیدان لەو بنەماڵانەی کە خۆشەویستەکانیان لە پێناو ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا دەکەونە زیندانەکان. ئەو بنەماڵانە نابێ هەست بەوە بکەن کە ئەوان بێکەسن و کەس بیریان ناکات؛ هەرچەند ئێمە ئاگادارین کە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدەکانمان خاوەنی ڕێز و حورمەتێکی تایبەتین لە نێو خەڵکەکەماندا**

ئێمە باش دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە هیچ کات لە ئەزیەت و ئازاری بنەماڵەی شەهیدەکانمان غافڵ نین، لە بێڕێزیکردن، بێحورمەتی کردن، بە تێکۆشەرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان بەردەوامن؛ بنەماڵەی شەهیدەکانمان لە واقیعدا ئێمە هەموومان، نەتەوەکەمان پێیان قەرزدارین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو فیداکارییەدا و لە ڕاستای ئەو زوڵم و زۆرییەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خستوویەتە سەر بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەکەمان.

**بنەماڵەی شەهیدانمان لە نێوخۆی وڵاتدا نابێ هەست بە کەمبوون بکەن، یارمەتیدانی بنەماڵەی شەهیدان بێجگە لە ڕێز و حورمەتگرتنیان بەشێکی دیکەیە لە خەبات بۆ ڕزگاری وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەیکە هیچ خەباتکارێک نیگەرانی ئەوە نەبێ کە ئەگەر بەهۆی خەبات و تێکۆشانیدا دەکەوێتە زیندان بەڵام بنەماڵەکەی بێ سەرپەرەست و بێ پەنا دەمێننەوە، ئەوە مەسەلەیەکی نیشتمانییە و زۆر جیدییە کە ئێستا لە بەر دەستی هەونیشتمانانمان لە نێوخۆی وڵاتدایە**

**زۆر گرینگە لەو هەلومەرجەدا کە ئەوانەی کە بنەماڵەی شەهیدەکانمانن، بنەماڵەی تێکۆشەرانمانن ئێحساسی سەربڵێندی لەلایەک و ئێحساسی ئەوە بکەن کە خەڵک هەموو پشت و پەنایانە؛ ئەگەر کوڕیان لە زیندان دەکرێ، ئەگەر کەسوکاری خۆشەویستیان ئێعدام دەکرێ، دەبێ هەموو خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ ببنە پشت و پەنایان و کەسوکار و خۆشەویستیان و حورمەتیان لێ بگرن**

دەبێ هەموو لایەک لە نێو کوردستاندا ڕێز بگرن لە بنەماڵەی شەهیدان لەو بنەماڵانەی کە خۆشەویستەکانیان لە پێناو ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا دەکەونە زیندانەکان. ئەو بنەماڵانە نابێ هەست بەوە بکەن کە ئەوان بێکەسن و کەس بیریان ناکات؛ هەرچەند ئێمە ئاگادارین کە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدەکانمان خاوەنی ڕێز و حورمەتێکی تایبەتین لە نێو خەڵکەکەماندا.

**ئێمە هەمووان وەزیفەمانە لە پێش هەموو شتێکدا بنەماڵەی شەهیدەکانمان لە بەرچاو بێ. ئەگەر ئیمکاناتمان کەم بێ، شوێنی ڕێگا و جێگا و حەسانەوەمان وەکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەو جۆرە نەبێ کە شایستەی بنەماڵەی شەهیدەکانمانە بەڵام ئەوەیکە لە تواناماندا بێت، دەبێ لە خزمەتیاندا بین. بنەماڵەی شەهیدەکانمان گەورەی ئێمەن، مامۆستای ئێمەن و بۆ ئێمە جێگای ڕێز و حورمەتن و ئێمەش هەموومان لەو ڕێبازەدا هەنگاو دەنێین، بیروباوەڕمان بە دیتنی بنەماڵەی شەهیدەکانمان قایمتر دەبێ، وەختێک دەبینین بنەماڵەی شەهیدەکانمان بەورەن، بەجەرگن و لە بەرانبەر کێشەو گرفتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا خۆڕاگرن، پێشمەرگەش خۆڕاگریان لێ فێر دەبێ**

ئەگەر سەرکوتکەرانی ڕێژیم بێحورمەتی بە بنەماڵەی شەهیدەکانمان دەکەن، بە ئەندامانی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی دەکەن بەڵام لە بەرامبەردا ئەوان سەربەرزن چونکە نەتەوەکەمان، گەلەکەمان ڕێز و حورمەتیان بۆ دادەنێن و ئەو ڕێز و حورمەتە دەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێت.

ئێمە چاوەڕوانین کە بنەماڵەی شەهیدانمان لە نێوخۆی وڵاتدا نابێ هەست بە کەمبوون بکەن، یارمەتیدانی بنەماڵەی شەهیدان بێجگە لە ڕێز و حورمەتگرتنیان بەشێکی دیکەیە لە خەبات بۆ ڕزگاری وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەیکە هیچ خەباتکارێک نیگەرانی ئەوە نەبێ کە ئەگەر بەهۆی خەبات و تێکۆشانیدا دەکەوێتە زیندان بەڵام بنەماڵەکەی بێ سەرپەرەست و بێ پەنا دەمێننەوە، ئەوە مەسەلەیەکی نیشتمانییە و زۆر جیدییە کە ئێستا لە بەر دەستی هاونیشتمانانمان لە نێوخۆی وڵاتدایە. ئەوی دەمێنێتەوە سەر ئەرک و وەزیفەی ئێمە، واتە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی هێزە سیاسییەکان کە لە مەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەکەیان ت دەکۆشن ئەوەیە کە ئەو ڕێ و ڕێبازە دەبێ هەمیشە ئاوەدان و چالاک و سەربەرز ڕابگرن؛ بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە هەموو کاتێک لە تەنگنادا قەراری گرتووە؛ ڕێژیمێک کە لە بەر چاوی خەڵک بێزراوە، لە پێش چاوی جیهانیان وەکوو ڕێژیمێکی تیرۆریست و ئاژاوەگێڕ و دژی ئازادی چاوی لێدەکرێ و تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا زۆر کورتتر بووەتەوە بە تایبەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی ئازادیخوازی ئێران زیاتر لە دژی ئەو ڕێژیمە نارەزایەتی دەردەبڕن و پێیان حاڵی دەکەن بەو ڕێژیمە کە ئیدی خەڵک لەگەڵیان نەماوە.

زۆر گرینگە لەو هەلومەرجەدا کە ئەوانەی کە بنەماڵەی شەهیدەکانمانن، بنەماڵەی تێکۆشەرانمانن ئێحساسی سەربڵێندی لەلایەک و ئێحساسی ئەوە بکەن کە خەڵک هەموو پشت و پەنایانە؛ ئەگەر کوڕیان لە زیندان دەکرێ، ئەگەر کەسوکاری خۆشەویستیان ئێعدام دەکرێ، دەبێ هەموو خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ ببنە پشت و پەنایان و کەسوکار و خۆشەویستیان و حورمەتیان لێ بگرن.

بەڵام لە پێناو ئەو حورمەت و ڕێزلێنانەدا ئەرکی خودی بنەماڵەی شەهیدەکانمان و بنەماڵەی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەکەشمان قورسترە، چونکە وەختێک هاوسەری شەهیدێک ئەرکی منداڵەکانی شەهیدەکەشی دەکەوێتە سەر شان، هەم جێگای بابیان بۆ دەگرێتەوە هەم جێگای دایک، ئەرک و زەحمەتێکی زۆری لەسەر شانە؛ بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا کە لە وڵاتەکەمان لە ژێر سایەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قاتوقڕی و گرانی و بێدەرەتانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر دەبێ.

هاوسەری شەهیدەکانمان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەبێ ئەرکەکانیان بە نیسبەتی منداڵەکانیان بە دروستی بەڕێوە بەرن؛ منداڵەکانیان گۆش بکەن بە دەنگ و سروودی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانی.

ئەوان بە سەربەرزییەوە منداڵەکانیان وریا بکەنەوە، شارەزایان بکەن کە بابی ئەوان، برای ئەوان، کەسوکاری ئەوان، لە چ ڕێبازێکدا و بۆچی سەری خۆی داناوە؟ یان بۆچی خراوەتە زیندان و ئەشکەنجە دەکرێ و لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتکەرەکانیەوە بێ حورمەتی پێدەکرێ؟ لەباری هەڵسوکەوتیان، لەباری قسەکردنیان لەبیریان نەچێ کە ئەوان کەسانێکن کە هەموو خەڵک چاوی لێیانە! چونکە حورمەتیان دەگرێ.

وەکو ئەندامی بنەماڵەی شەهید و تێکۆشەرانی نیشتمانەکەیان و بەپێی ئەوەش چاوەڕوانی لێیان هەیە؛ هەرچەند ئەوەندی کە ئێمە ئاگادارین لە نێوخۆی وڵاتدا بە خۆشییەوە بنەماڵەی شەهیدەکانمان ئەو ئاگاهییەیان بە تەواوی هەیە بۆ پاراستنی حورمەتی شەهیدەکانیان و ڕێبازی خۆشەویستەکانیان.

لە نێو کادر و پێشمەرگەشدا، لە نێو حیزبدا، ئێمە هەموومان وەزیفەمانە لە پێش هەموو شتێکدا بنەماڵەی شەهیدەکانمان لە بەرچاو بێ.

ئەگەر ئیمکاناتمان کەم بێ، شوێنی ڕێگا و جێگا و حەسانەوەمان وەکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەو جۆرە نەبێ کە شایستەی بنەماڵەی شەهیدەکانمانە بەڵام ئەوەیکە لە تواناماندا بێت، دەبێ لە خزمەتیاندا بین. بنەماڵەی شەهیدەکانمان گەورەی ئێمەن، مامۆستای ئێمەن و بۆ ئێمە جێگای ڕێز و حورمەتن و ئێمەش هەموومان لەو ڕێبازەدا هەنگاو دەنێین، بیروباوەڕمان بە دیتنی بنەماڵەی شەهیدەکانمان قایمتر دەبێ، وەختێک دەبینین بنەماڵەی شەهیدەکانمان بەورەن، بەجەرگن و لە بەرانبەر کێشەو گرفتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا خۆڕاگرن، پێشمەرگەش خۆڕاگریان لێ فێر دەبێ؛ مەکتەبی شەهادەت لە حیزبی شۆڕشگێڕی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا مەکتەب و مەدرەسەی لێفێربوونە و ئێمە هەموومان لەو مەدرەسەیەدا پێگەیشتووین و لەو مەدرەسەیەدا ڕێگاکەمان درێژە دەدەین و هەموومان دەبێ هەوڵ بدەین کە قوتابییانی ئەو مەکتەبە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێ؛ بۆ ئەوەی بتوانین بە هێزێکی زیاترەوە بە گژ دوژمنانماندا بینەوە و بێگومان سەرکەوتن هی ئێمەیە.

جارێکی دیکە بە خێرهاتنتان دەکەم هاوڕێیانی خۆشەویست کە ئێوە وەکوو سەمبولی بنەماڵەیەکی گەورە و بەرفراوانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەکەمان لێرە لە خزمەتتاندایین و جارێکی دیکە ئەوە دوبارە دەکەمەوە کە نەک هەر تەنها لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە بەڵکوو لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا، شەهیدانمان لە بیرمانن، تاجی سەرمانن و مامۆستا و ڕێخۆشکەری ڕێبازەکەمانن، ئەو ڕێبازە هەر بەردەوام و ئاوەدان بێ و ئێوەش هەر ساغ و سلامەت و سەرکەوتوو بن.

درێژەی لاپەڕەی ٦

٤ی خەرمانان: ئیسرائیل باسی لە پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی ناوچەیی پێکهاتوو لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ڕێژیمی ئێران کرد. ئیسرائیل لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێران لە پرسی بەرنامەی ناوکی و پیتاندنی ئۆرانیۆمدا لە پێشکەوتووترین قۆناغیدایە.

شەوی ٤ لەسەر ٥ی خەرمانان «هەڵۆکانی زاگرۆس» پۆلی «شارویران» سەر بە شاری مەهاباد، تاهیر پووردارناب گوێ لەمستی سپای مەهاباد، سیخوڕ و شوێنپێ هەڵگری تێکۆشەرانی گەلیان بە سزای تاوانەکانی خۆی گەیاندووە. هەڵۆکانی زاگرۆس دووپاتیان کردەوە کە تا ڕزگاریی نیشتمان لە چنگ داگیرکارییەکانی ڕێژیمی تاران، پاڵپشتی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانن و لە تاوانی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران خۆش نابن».

٩ی خەرمانان: ناوەندی هاوکاری لە ٤٢ـەمین ساڵوەگەڕی گیانبەختکردنی تێکۆشەری هەرگیز نەمر کاک فواد مستەفا سوڵتانیدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردووە کە تێیدا هاتبوو: ناوەندی هاوکاری وێڕای مەحکوومکردنی سەرجەم تاوانەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی و ئازادیکوژی ئێران، شێلگیرە لەسەر ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەیە کە ئەگەرچی لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا و هەتا ئێستاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر سیاسەتی کاولکاری و ڕەشەکوژی و تیرۆر بەردەوام بووە، بەڵام ڕەوتی شۆڕشی ڕەوای کوردستان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی کاک فواد و هەموو شەهیدانی ئەو ڕێگا پیرۆزە بەردەوام دەبێت و یادیان و وانەکانی خەبات و بەرخۆدانیان دەکاتە هەوێن و چرای ڕێگای تێکۆشانی خۆی و هەموو ئەو ڕۆڵە خەباتکارانەی کە لەو پێناوەدا خەبات دەکەن.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی خەرمانان، ئەنجوومەنی بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکەی ئۆکراینی لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە دەزگای دادی ڕێژیم «بکەران و بەرپرسانی سەرەکیی» ئەو تاوانەیان بە بێتاوان ناساندووە و چەند ئەفسەری پلەنزمیان بە بەرپرس و تاوانباری سەرەکیی ئەم جینایەتە ناساندووە. ئەنجوومەنی بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە ئاماژە بە دوایین ڕاپۆرتی تیمی بەدواداچوونی کانادا، بەرپرسانی باڵای ڕێژیم بە بکەری ئەم جینایەتە دەزانن و خوازیاری دادگایی کردنیانن.

١١ی خەرمانان: «ئیسماعیل ڕۆستەم پوور» فەرماندەری ڕێژیمی ئێران لە بانە ڕایگەیاند کە «ئۆستوار دووهەم ڕەزا سپەهوەند لە شوێنێک بە ناوی «گڵەسوورە» لە شەڕ و تێکهەڵچوونێکدا کوژراوە». ئەو دەرجەدارەی ڕێژیمی ئێران خەڵکی خوڕەمئاوا بووە و «لە یەکێک لە پایگاکانی جێگیر لە شاخەکانی بانە سەرقاڵی کار نیزامی بووە.هیچ لایەنێک ئەو شەڕ و دەرگیرییەی لە ئەستۆ نەگرت.

١٤ی خەرمانان: بەپێی پلەبەندیی زانکۆکانی جیهان کە لەلایەن دامەزراوەی فێرکاریی باڵای «تایمز» بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو کرایەوە زانکۆی زانستی پزیشکیی پارێزگای سنە پلەی یەکەمی جیهانیی لە بواری بەڵگە زانستییەکاندا بەدەست هینا.» ئەو پلەبەندییە بەپێی ١٣ پێوەری کارکردی زانکۆکان لە چوار بواری «فێرکاری، بارهێنان، گواستنەوەی زانیاری و دووڕەدیمەنی نێونەتەوەییە.

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەنیسبەت شەهیدبوونی هاوڕێ «عوسمان مستەفاپوور» ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو: بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنین کە دڵسۆزی نیشتمان و تێکۆشەری دێرینی حیزبەکەمان و پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت، هاوڕێ «عوسمان مستەفا پوور» بەرەبەیانیی ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ بەهۆی پەتای کورۆنا لە نەخۆشخانە چووە ڕیزی کاروانی سەربەرزی شەهیدانی نیشتمان. شەهید عوسمان مستەفاپوور، پاش بەدیلگیرانی لە مەئموورییەتێکی حیزبیدا، ٢٨ساڵ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەربەرەکانێ و بەرخودانی کرد و پاشان گەڕایەوە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و تا کاتی شەهیدبوونی دڵسۆزتر و ئۆگرانەتر لە جاران درێژەی بە ئەرکە حیزبی و نیشتمانییەکانی خۆی دا.

١٦ی خەرمانان: «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدبوونی کاک «عوسمان مستەفاپوور» پەیامێکی بڵاو کردەوە لەو پەیامەدا هاتووە: کاک عوسمان مستەفاپوور بە ژیانە پڕ بەرهەمەکەی، بە باوەڕ و ئیرادەی بەرزی و بە وەفا و خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی، قوتابخانەیەکی جێگای لێ فێربوون بوو و سەلماندی کە نەتەوەیەک کە ڕۆڵەی ئاوای پەروەردە کردبێ، سەرکەوتنی مسۆگەرە.

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خەرمانان، تەرمی شەهید «عوسمان مستەفاپوور» پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەی ناوبراو لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاک ئەسپێردرا.

بەرەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی خەرمانان، لە کاتژمێر ٦ی بەیانییەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێرشی ئاسمانیی کردە سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و ناوچەکانی «سیدەکان، چۆمان و حاجی عومەران» کەوتنە بەر بۆردومانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە.

١٩ی خەرمانان: ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ جاری دووهەم ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی بۆمباران کرد و لەو هێرشەدا کە ناوە بە ناوە کراوە لە تۆپخانەکان و هەروەها دڕۆنی ئینتحاری کەڵک وەرگیراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی سپای تێرۆریستی پاسداران دڕۆنە ئینتحارییەکان بۆ یەکەم جارە بەکار هێنراون و ڕێژیمی ئێران دژی کورد بەکاری هێناون و کوردستانی پێ بۆمباران کردوون.

ڕۆژی هەینی ١٩ی خەرمانان، لە درێژەی دەسدرێژییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر خاکی کوردستان، دڕۆنێک لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە خرایە خوارەوە. جێی ئاماژەیە سپای پاسدارانی تێرۆریست ڕایگەیاندبوو کە یەگانی دڕۆنی ئینتحاری پێک هێناوە و یەکەم کاری ئەو یەگانە، تاقیکاری لەسەر کوردستان بووە.

١٩ی خەرمانان: دەزگای فەرماندەیی بەنیسبەت هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەندراوێکی دیکەی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بەردەوامن لە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان، ئێوارەی هەینی هێزەکانی ڕێژیم دەستیان بە تۆپبارانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان کردەوە و لە کاتژمێر ٨ی شەو بە کاتی هەولێر، تۆپبارانی ناوچەکانی سیدەکان و بەربزینیان دەست پێ کردۆتەوە. لەم تۆپبارانەدا زیانیان بە ژینگە و ژیانی خەڵکی سیڤیلی ناوچەکە گەیاندووە.

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوی ژمارە ٣ی خۆیدا ڕایگەیاند: هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئێوارەی هەینی ١٩ی خەرمانانەوە دووبارە دەستیان بە تۆپبارانکردنی ناوچە و بەرزاییەکانی کوردستان کردووە و هەر چەند کاتژمێر جارێک درێژەیان بە کردەوە تێرۆریستییەکەیان داوە. لە کاتژمێر ٨ی شەو و دواتر ١٠ی شەوی بە کاتی هەولێر و هەروەها کاتژمێر ١ی نیوەشەو و ٣ی نزیکەو بەیانیی شەممە ٢٠ی خەرمانان، سەر لەنوێ ناوچەکانی «سیدەکان و بەربزینـ»ـیان دایە بەر تۆپباران و ژیان و ژینگەی خەڵکیان لەو ناچەیە وێران کردووە.

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوی ژمارە ٤ی خۆیدا ڕایگەیاند: ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی خەرمانان، کاتژمێر ٨ی بەیانی بە کاتی هەولێر سەرلەنوێ هێزەکانی ڕێژیمی ئێران تۆپبارانی ناوچەکانی «بەربزین و سیدەکانـ»ـیان کردووە. پێویستە ئاگادارتان بکەینەوە کە لەو هێرشانەی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ئەو ناوچانەدا، زیانی ماددی بە ژیان و ماڵی خەڵکی سیڤیلی ناوچەکە گەیشتووە و هیچ زیانێکی گیانی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەگەیشتووە.

٢٤ی خەرمانان: دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوی ژمارە ٥ی خۆیدا ڕایگەیاند: ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژانی دووشەممە ٢٢ی خەرمانان، لە کاتژمێر ٨ی بەیانی، ١١ی بەیانی و ١ی پاش نیوەڕۆ و هەروەها کاتژمێری ١١ی شەو تۆپبارانی ناوچەکەی کرد. هەروەها بەرەبەیانیی سێشەممە کاتژمێر ٦ی بەیانی هێزەکانی ڕێژیم ناوچە و بەرزاییەکانی «سیدەکان و بەربەزیـ»ـنیان دایەوە بەر تۆپ. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ، واتە سێشەممەدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی شەڕکەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا بەردەوام لە سووڕانەوەدا بوونە و کاتژمێر ٨ و هەروەها ١١ی شەو دووبارە تۆپبارانی بەرزاییەکانی ناوچەکەی کردووە و ژیان و ماڵی خەڵکی ناوچەیان وێران کردووە.

٢٤ی خەرمانان: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان ڕایگەیاند: ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٢٩هەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی تێرۆریستیی میکۆنووسدا داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکەین لە بەرامبەر ماشینی تێرۆر و کوشتن و کاولکاریی ڕێژیمی ئێران و بەتایبەتی هێرشەکانی ئەم ڕۆژانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بۆتە هۆی کاولکردنی ژینگە و تۆقاندنی خەڵکی مەدەنی و تێرۆری چالاکانیی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بێدەنگ نەبن.

٢٤ی خەرمانان: بەرەی ڕزگاریخوازی عێراق کە پێکهاتوو لە کۆمەڵێک حیزبی سوونەمەزهەبی عێراقە لە بەیاننامەیەکدا هێرشەکانی ڕێژیمی تاران بۆ سەر خاکی عێراق و تێکدانی سەقامگیریی ئەو وڵاتەی مەحکووم کرد.

٢٥ی خەرمانان: لێکۆڵینەوەکان دریانخست بەشێک لە پارچەکانی ئەو دڕۆنانەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە تەقێندرانەوە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە دروست کراون. پارچەکانی ئەو دڕۆنانە دروستکراوی شیرکەتی «ئۆهایۆ»ی ئامریکان کە چەندین لقی لە وڵاتی «ئورووپا»دا هەیە و لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەوەن کە دەڵاڵان پارچەکانی ئەو دڕۆنانەیان لە سێ وڵاتی «مەجارستان، ئاڵمان و چین» کڕیوە و ڕادەستی سپای تێرۆریستی ڕێژیمی ئێرانیان کردووە.

٢٨ی خەرمانان: «محەممەدحوسێن باقری» لە وتووێژێکدا، لەگەڵ هەواڵدەریی «تەسنیم» نزیک لە سپای پاسداران، هێزە کوردییەکانی بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئەمنییەتی ئێران ناو برد و جارێکی دیکە هەڕەشەی لێ کردن. ناوبراو وتی: ئێمە هیچ سەرکێشییەک، لەو حیزبانە کە هەنووکە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن قەبووڵ ناکەین و دەتوانین لەنێویان بەرین. داواشی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرد ئەو گرووپانە سنووردار بکەنەوە و ڕێگا نەدەن ئەمنییەتی ئێران وە مەترسی بخەن.

٢٨ی خەرمانان: پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یاداشتێکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی ئامریکا، چین، بریتانیا و لەهستان کرد. پێوەندییەکانی حیزب وێڕای باس لە هێرش و دەستدرێژیی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە تێیدا کەڵک لە کەرەستەی درووستکراوی ئەم وڵاتانە وەرگیرابوو، داوای کرد کە ئەم وڵاتانە بە جددی بەدواداچوون بو ئەم بابەتە بکەن کە لە کاتێکدا گەمارۆی توند لەمەڕ فرۆشتنی کەرەستەی شەڕ لەسەر ئێران هەیە، چون کۆمەڵێک کۆمپانیای ئەو وڵاتانە ئەم کەرەستانە بە ڕێژیمی ئێران دەفرۆشن.

٣٠ی خەرمانان: کۆمەڵێک لاتولوت و چەقۆکێش لە شاری «سەردەشت»، بە هاوکاریی سپا و ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران، هەڵیانکوتایە سەر خەڵکی ئەو شارە و ترس و خۆفیان خستە نێو دڵی خەڵکەوە. بە وتەی خەڵك ئەو لاتانە بە دەمانچە و چەقۆ پەلاماری سەیرانچییەکانیان دەدا و بە هەڕەشە و گوڕەشە ژن و کچەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبردن و دەسدرێژیی جینسییان دەکردنە سەر، هەروەها فیلمیان لێ هەڵدەگرتن تاکوو وەک باج قوربانییانی پێ بێدەنگ بکەن و پارە و زێڕیان لێ بستێنن. خەڵکی «سەردەشت» بە گشتی بۆ پێشگرتن بەم لاتولوتانە داوایان لە هەموو لایەن و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کرد کە هاوکارییان بکەن

٣٠ی خەرمانان: بەپێی دوایین ڕاپۆرتی فریدۆم هاوس لە ساڵی ڕابردوودا، ئێران لە بواری ئازادیی ئینتێرنێتدا، پلەی ١٦ی لە ئاستی جیهاندا بۆ خۆی تۆمار کرد و ئەم ناوەندە ئامریکاییەش سەبارەت بە دۆخی ئینتێرنێت لەم وڵاتەدا نیگەرانیی خۆی دەربڕی.

## وێستگە

# ئەو ستەمەی لە ئێمە کرا با لە نەوەی دوارۆژ نەکرێ!



نووسین: هێمۆ

ئەوەندە باس لە ئازار و نەهامەتییەکانی ژنان کراوە کە لە ڕاستیدا وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی یان بەشێکی زۆر ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەمان دێنە بەرچاو. ئەوەندە باسی خەم و ئازاری ژنانمان کردووە کە چیدیکە کەس لە کاتی بیستنی هەواڵی کوژرانی هیچ ژن و کچێکدا دڵی ڕاناچڵەکێ! وەک بڵێی ئەمەش شێوازێکی ئاسایی لە مردنە و ڕۆژێک هەر هەموومان دەمرین و کۆتایی بە چیرۆکە تاڵ و پڕ لە ئازارەکەی ژیانمان دێت!

هەموومان ئەم ڕاستییەمان قەبووڵ کردووە کە پاش هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانمان ڕۆژێک کۆتاییمان پێ دێت و نامێنین بەڵام قووڵبوونەوە لەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەرماندا ڕوو دەدەن، بینینی بەردەوامی کوژرانی ژنان و کچانی وڵاتەکەمان تەنیا بەو هۆکارەی کە دەیانهەوێ بە دڵی خۆیان بژین و ئەمەش وەک گەورەترین تاوانی ژیانیان بۆیان ئەژمار دەکرێ و دەیانخاتە بەر گوللەی چەک و تیغی چەقۆی ئازیزترین کەسەکانی ژیانیان، ڕاستییەکی ناخهەژێنمان بیر دەخاتەوە، ڕاستییەک کە ڕەنگە بە هۆکارگەلی جیاواز کۆمەڵگای ئێمەی زیاتر لەگەڵ خۆی تووش کردبێ.

زۆرجار وتراوە کە دەسەڵات لەمبارەوە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، یاساکان دژەژنن و پیاوانی پاوانخوازیش بە بیرۆکەی پیاوسالارانەوە بە شێوازی خۆیان و بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان یاساکان دادەڕێژن، لێکیان دەدەنەوە، بەڕێوەیان دەبەن و لەم نێوانەشدا ئەوەی کە زیاتر لە هەمیشە دەکەوێتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی دەسەڵات و پیاوان و کۆمەڵگاش هەر ژنانن!

ژنان وەک نامووسی خۆیان پێناسە دەکەن و مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە بە شێوازی دڵخوازی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن، وەک بڵێی خۆیان فریشتەن و هیچکات لە ڕێگای ڕاست لایان نەداوە و ئەوە ژنانن کە سەرچاوەی هەموو کێشەکان و هەموو بەلاڕێداچوونەکانی کۆمەڵگان! هەر ئەمەشە کە وا دەکات دیاردەیەکی قێزەونی وەک ژن کوشتن ئەوەندە ئاسایی ببێتەوە کە چیدیکە بە کوژرانی دڕندانەی هیچ ژنێک دڵمان تەزووی پێدا نەیەت و وەک هەموو ئاکارە ئاساییەکانی ژیان، بەلایدا تێپەڕین.

ئاساییبوونەوەیەک کە خۆی لە خۆیدا یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی بەردەوامبوونی دیاردەکەیە، هەر لە پێناوی ئەم ئاساییکردنەوەشدایە کە زۆرجار دەوترێت بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و وێنە و ڤیدیۆی ئەم جۆرە ڕووداوانە هەڵەیە چونکە لێوڕێژن لە توندوتیژی، لەحاڵێکدا کە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی هەتا ئێستاش هەر شاراوەمانەوەی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەیە.

ئێستا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەربڵاوی لە بەردەستی خەڵکدان، بڵاوبوونەوەی هەواڵگەلی لەم چەشنە زیاتر دەتوانن کاریگەری دابنێن؛ بەو واتایە کە کۆمەڵگا بەنیسبەت پرسەکە و بەنیسبەت بەرزبوونەوەی ئەم جۆرە توندوتیژییانە هەستیارتر بکاتەوە، کە بێگومان تاکوو ئێستاش کاریگەریی خۆی هەر هەبووە.

هەر ئەم ڕاستییەیە کە بووەتە هۆی ڕێکخستنی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی جیاوازی نارەزایەتیدەربڕین لە بۆنە جیاوازەکان و دەرکردنی بڕیارنامە و بەیاننامە و مەحکوومکردنی کردەوە دژەژنەکان لەلایەن چالاکانی ئەم بوارەوە؛ بەڵام ڕەنگە پرسیارە سەرەکییەکە ئەمە بێ کە مادام کۆمەڵگا هەستیار بووەتەوە و ئەم هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیە دەگیردرێت و بەهەزاران بابەت دەنوسرێت و ئەم چەشنە کردەوانە مەحکووم دەکرێن، ئەی بۆچی جینایەت و ژنکوژی هەر بەردەوامە؟!

ئەوەی کە ئێمەی ژن بە درێژایی مێژوو هەستمان پێ کردووە و بینیومانە و بەرانبەرمان کراوە، قەدەغەبوونی ژیان بووە! ژیانێک کە بە لەدایکبوون وەکوو ماف بۆ ئێمە دادەنرێت بەڵام لەم جیهانە پانوبەرینەدا بۆمان بە ڕەوا نابیندرێت.

دەسەڵات کە ئەگەر ئایینیش بێت لەلایەکەوە و خودی کۆمەڵگا و نەریتە چەقبەستووەکانیش لەلایەکی دیکەوە، بە بەردەوامی ژنانیان وەکوو بەشێک لە ملک و ماڵی پیاوان پێناسە کردووە، بۆیە کڕین و فرۆشتن و کەڵکاوەژوووەرگرتن و تەنانەت کوشتنیشیان بە مافی بێئەملاوئەولای خۆیان پێناسە کردووە، بە بێ ئەوەیکە گرینگی بەم ڕاستییە بدەن کە ژنیش وەکوو پیاو مرۆڤە، مافی ژیان و چێژوەرگرتن لە ژیانی هەیە، ڕەنگە ئەویش هەڵە بکات وەک چۆن پیاویش هەزاران هەڵە دەکات، حەزی هەیە، ئارەزوو و خولیای هەیە و بەڕاستی ئەم جیهانە و بەتایبەت کۆمەڵگا دواکەوتووەکان شوێنێکی باش بۆ کردنەوەی باڵی خۆزگەکانیان نین و ئەوەی کە لە کۆتاییدا دەبێتە بەشیان، پێکران بە تیری دواکەوتوویی و نەزانیی تاکەکانی کۆمەڵگا و گیان ئەسپاردنە.

پێش لە هەموو شتێک هەوڵدانی ژنان بۆ بەخۆداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن و لۆژیکی خۆیان و دواتریش هەوڵەکانیان بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگا و بەتایبەت نەوەی داهاتوو، دەتوانێ هەنگاوێکی جیددی بێت، بەڵام لەم ڕاستایەدا کۆمەڵگا پێویستی بە پیاوانی وشیار و تێگەیشتوو و یەکسانیخواز هەیە تاکوو شانبەشانی ژنان بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بۆ نەوەی داهاتوو تێبکۆشن، تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە ئەتوانین گەشبین بین کە کۆمەڵگا پێش دەکەوێ و بێگومان ئەو ستەمەی لە ئێمە کرا لە نەوەی دوارۆژ ناکرێ!

# دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی سیاسی – تەشکیلاتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕێکەوتی ٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١




بەخێربێن بۆ کۆبوونەوەکەمان؛ ئەمنیش لە پێش هەموو شتێکدا جارێکی دیکە لەلایەن خۆمەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی تازە و نەورۆزەوە. هیوادارم ئەمساڵمان جیاوازتر بێت لە ساڵانی پێشوو؛ بەو مانایەی کە دەسکەوتی زیاترمان هەبێت بۆ وڵات و نیشتمانەکەمان، بۆ خەباتەکەمان، بۆ حیزبەکەمان و هەروەها هیوادارم هەموو لایەک ساغ و سڵامەت و تەندروست بن و لە بەڵای جۆراوجۆر، کە بەداخەوە کەمیش نین، مەحفوز بن.

لە کۆبوونەوەکەماندا زۆرتر تەکووزی دەخەینە سەر وەزعی ئێران و دواتریش بە کورتی وەزعی خۆمان باس دەکەین. دیارە لەو ماوەیەدا، هەرچەند دەزانم کە پێشمەرگەکان کۆڕ و کۆبوونەوەیان هەبووە لەلایەن فەرماندەییەوە بەڵام کۆبوونەوەی ئاوا بە گشتی کەم هەبووە، لەو ماوەیەشدا ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆر لە دنیادا، لە ناوچەدا، لە ئێراندا و بەتایبەت لە کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان هاتۆتە ئاراوە؛ بەڵام باسکردن لە هەمووی ئەوانە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە بۆیە باسەکەی من پێوەندی هەیە بە وەزعی ئێران بەگشتی و وەزعی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەباتەکەمان، ژیانەکەمان و هەموو کار و تێکۆشانەکەمان پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەیە.

ئێمە زۆرجار باسمان لەوە کردووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو لێژی دەچێت؛ ئەو حکومەتە بەهۆی سیاسەتێکی هەڵە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە گرتییە پێش، ڕۆژبەڕۆژ قەیرانەکانی هەم بۆخۆی و هەم بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و بەتایبەت بۆ کوردی ڕۆژهەڵات زیاتر کردووە؛ بەچەشنێک کە ئێستا لە قەیرانەکاندا دەتلێتەوە.

لە نێوخۆی وڵاتدا ڕاددەی مەشروعیەت و نفوزی ڕێژیم لە لانیکەمی خۆیدایە ئەوەش کە دەڵێین لانیکەم هەموومان دەیبینین. دوایین نموونەی کەمبوونەوەی نفوزی ڕێژیم لە ئێراندا، ئەو هەڵبژاردنە بوو کە ماوەی ساڵێک لەمەوپێش پێکهات. لەگەڵ هەموو پیلانەکانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چنیان بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بەشدار بن بۆ ئەوەیکە بە دنیا بڵێن مەشروعییەتیان ماوە و خەڵک بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانیاندا، بەڵام بەپێی قسەکانی خۆیان لانیکەمی دەنگیان هێناوە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، کە ئەو لانیکەمە بەگوێرەی ئەو چاودێرانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا چاوەدێری ئەو هەڵبژاردنەیان دەکرد لەنێوان پازدە تا بیست لەسەد بووە.

ئەو پازدە بیست لەسەدەش بریتی بوون لە دارودەستەی ڕێژیم، بەرپرسانی پلە بەرز، بنەماڵەکانیان! یانی خەڵک بەشداری شانۆگەرییەکە نەبوون و دەبینین کە ئەو درزی بێ‌متمانەییە کە کەوتۆتە نێوان خەڵک و ڕێژیم لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا یەکجار گەورە بۆتەوە و بۆتە درزێک کە ئەو ڕێژیمە بۆی پڕ نابێتەوە؛ نەک هەر بۆی پڕ نابێتەوە بەڵکوو بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی، ئەو بێ‌متمانەییە بە ڕێژیم زۆر زیاتر دەبێت. زیاتر دەبێت چونکە زۆرجار باسمان کردووە کە ئەو ڕێژیمە حکومەتێک و دەسەڵاتێک نییە کە بەگوێرەی وەزعی سەردەم بجوڵێتەوە، عەقڵیەتی سەردەمی نییە بەڵکوو عەقڵیەتی سەدەکانی زۆر پێشووی لە مێشکدایە کە ئەو عەقڵیەتە ناتوانێت گیروگرفتەکانی ئەوڕۆی وڵات، چارەسەر بکا و بەسەریاندا زاڵ بێت.

هەروەها ناتوانێت پێوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دنیا ڕێک بخاتەوە بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تەشەنە دەدات بە توندوتیژی و تێکدانی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وەزعی دنیا، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. ئێوە دەبینن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کارێکی کردووە کە وڵاتانی عەرەبی، کە وڵاتانی دراوسێی ئێرانن، لەو ماوەیەدا ئەوەندە بێ ئیعتماد بوونە بە ڕێژیم، ئەوەندە هەڕەشەی لێکردوون و فشاری بۆ هێناون کە ئەوان لەگەڵ دژمنی سەرەکی خۆیان کە ئیسرائیل بوو ئێستا ئەوە پێکەوە دادەنیشن، هاوپەیمانی پێک دێنن بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؛ یانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە ناو و بەڕواڵەت ئاڵاهەڵگری دیفاع لە فلستینە و دەڵێت فلستین ڕزگار دەکات بەڵام ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە دیفاعیان لە فلستین دەکرد ئێستا ئەوانە بوونەتە هاوپەیمان بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؛ واتە ڕێژیمێکی قەیرانخوڵقێن کە ناتوانێت بەپێی سەردەم ڕەفتار بکات لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیاش هەر بەو شکڵەیە. ئەگەر لە سەردەمی ترامپدا وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ ئامریکا نێوانیان تێکچبوو و ئەو پێوەندییە پێوەندییەکی باش نەبوو، ئێستا دوای ترامپ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کارێکی کردووە کە ئورووپا یەکگرتوو لەگەڵ ئامریکا فشار دێنن بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو ڕەوتە درێژەی دەبێت.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا هەروایە؛ ئێوە ڕەنگە کەمتان لەبیرتان مابێت، ئەوکاتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تازە هاتبووە سەرکار، ڕێفراندۆمێک کە کرا بۆ بە ڕەسمیەت ناسینی ڕێژیم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری تێدا نەکرد و ئەو ڕێفراندۆمەی تەحریم کرد؛ بەهۆی ئەو سیاسەتەوە حیزبی دێموکرات ئەوکاتە کەوتە پەراوێزەوە، خەڵکی ئێران لەلایەک و بەشێک لە هێزە کوردییەکانیش بەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات ناڕازی بوون، وەزعیەتێکی وا پێکهات کە حیزبی دێموکرات تەقریبەن بەتەنیا مایەوە خەڵکی دیکە بەشدارییان کرد. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکانی کە ئەودەم هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵکی ئێران لەو ڕیفراندۆمەدا بەشداریان کرد و ڕەسمەن کۆماری ئیسلامیان وەکوو حکومەتێک بۆ ئێران قبوڵ کرد؛ کە چاو لێدەکەی تاکو ئێستا لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا ڕێژیم وەزعەکەی بەو حاڵە گەیشتووە کە باسمان کرد! لە دواهەڵبژاردنی سەرکۆماریدا وەزعی بەکوێ گەیشتووە. دەنگەکانی ئەو بێ‌متمانەییە زۆر بەربڵاوە، هەر ئەوە نییە کە بڵێی حیزبەکانی وەکو حیزبی دێموکرات یا حیزبەکانی دیکە کە داوای ماف و ئازادی دەکەن لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەنێوخۆدا موخالیفن، بەڵکوو تەنانەت بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی پلەبەرزی حکومەتیش بەنیسبەت ئەو حکومەتە متمانەیان نەماوە.

ئەو بێ‌متمانەیی و بێباوەڕییە بۆتە هۆی ئەو دزی و گەندەڵی و داپڵۆسینی سەروەت و سامانی ئێران بە قازانجی خۆیان.

لەو پێوەندییەدا تۆماری دەنگ و ڤیدیۆ و هەواڵی زۆر بڵاوبۆتەوە کە لە خودی زمانی بەرپرسانی حکومەت بڵاوی دەکەنەوە؛ ئەوەش نیشانەیەکە کە ڕێژیم تەنانەت لەنێو خەڵکی خۆیشیدا بڕواومتمانەی لەدەست داوە؛ ئەو کەسانەی کە سەردەمێک متمانەی تەواویان پێدەکرد، لەنێو بەشێک لە کەسایەتییە ئایینییەکان وەکوو ئایەتوڵڵاکان، دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بۆتەوە بەنیسبەت ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرتویەتە پێش چ لە نێوخۆی وڵات و چ بە نیسبەت دراوسێکانی.

لە ئێستادا لە سەرانسەری ئێران ناڕەزایەتی شکڵی گرتووە و، ڕۆژانە لە ڕاگەیەنەکانی ئێراندا دەبیستین لە دەیان شاری ئێران کرێکاران، جوتیاران، کارمەندان، خانەنشینکراوەکان، ئەوانەی کە پارەیان لە بانکەکان داناوە و پارەکەیان نەماوە هەموو ڕۆژێک خۆپیشاندان هەیە؛ هەر ڕۆژەو لە جێگایەکیدا مانگرتن و دەربڕینی نارەزایەتییە بەڵام من پێموایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر مەسەلەکە ئەوە نییە کە نارەزایەتییەکە بۆ ئەوە بێت کە خەڵک برسییە، بێکارە یا هەرچی هەیەتی لەدەستیان داوە! بەڵکوو لەو بەشە لە ئێراندا ئاستی تێگەیشتن و وریایی خەڵکەکە بەرزتر بۆتەوە بۆیە دەبینین خەڵک بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئێران لەهەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵدەکەوێت دژی ڕێژیم نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و دروشم دەدەن بۆ گۆڕینی حکومەت، بۆ نەمانی ئەو حکومەتە و ڕۆژبەڕۆژیش نیشانەکانی یەکگرتویی خەڵک زیاتر دەبێت. ئەو نیشانەی یەکگرتوییە یەکێک لە نیشانەکانی وشیاری و ئاگاهی بەرزی نەتەوەی کوردە.

من ناڵێم کە هەمووی ئەوە لەژێر کاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی حیزبی دێموکراتدا پێکهاتوە بەڵکوو بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری ئەو ئاگاهیی و یەکگرتویی و یەکدەنگییە ئاکامی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە؛ دروشمی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە هەناسەیەکی نوێ و خوێنێکی نوێی هێناوەتەوە بەر خەڵکەکەمان لە ڕۆژهەڵاتدا.

ئەو شێوەخەباتە وەک پێشتریش باسمان کردووە فرەڕەهەندە یانی هەموو شکڵەکانی خەبات لەخۆ دەگرێت و ئامانجەکەش وەک ڕامانگەیاندووە بۆ ئەوەیە کە ڕۆژهەڵات دەبێت ببێتە هێزێکی شوێندانەر! بۆ ببێتە هێزی شوێندانەر؟ چونکە ئەگەر هێزی شوێندانەر نەبێت ئەو حکومەتەش بڕوات و حکومەتێکی دیکە بێتە سەر کار زۆر گوێ لە کورد ناگرن! چونکە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی ئێران بەگشتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وەکوو دێموکراتێکی واقعی دان بە مافی نەتەوەکانی دیکەشدا بنێن و هەموویان لە ئاستێکدا چاو لێ بکەن! ئەودەمی نیگەرانی ئەوە هەبوو کە جارێکی دیکە کورد پاشگوێ بخرێ و مافەکانی خەڵکی کورد پێشێل بکرێن بەڵام ئێستە ئێمە ئەو ئاگاهییە لەنێو خەڵکەکەدا دەبینین نموونەی ئەو ئاگاهییەش بەشداری خەڵک لە ڕێوڕەسمەکاندایە، لە بۆنەکاندایە. لەو بۆنانەدا کە کاتێک لە شوێنێکی کوردستان، بەڵایەک بۆ خەڵکەکە دێتە پێش، وەکوو سێڵاوێک، وەکوو بومەلەرزەیەک دەبینی کە چۆن خەڵک لەوسەری کوردستانەوە بە هانای یەکترەوە دێن و یارمەتی یەکتر دەدەن؛ یان لە بۆنەکانی نەورۆزدا ئێمە لەو چەند ساڵەدا ئەوەی دەبینین بەتایبەتی بە بۆچوونی من ئەوساڵ بەشداری خەڵک لە یادەکانی نەورۆزدا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی چونکە دیتمان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەتا لەپێش چوارشەممەسووریش خەڵک و تێکۆشەرانی مەدەنی بانگ دەکرد، هەڕەشەی لێدەکردن، تەنانەت هێندێکیان زیندانی کران هەتا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیش تەواوبوون لە زینداندا بوون. لە هێندێک شوێندا هێرشیان کردە سەر خەڵک، خەڵکێک کە خەریک بوون ڕێوڕەسمی نەورۆز بەجێ بگەیەنن لەگەڵیان دەرگیر بوون، خەڵک دەرگیر بوو لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک ڕێوڕەسمی نەورۆزی زۆر بەشکۆوە بەڕێوەبرد؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەندە ترسی لە خەڵک زیاد بووە، چون گوتمان ئەو درزی بێ ئیعتمادییە گەورە بۆتەوە کە تەنانەت لە خۆشی و شادی خەڵک و ئاورکردنەوە و هەڵپەرکێ و سروود خوێندنەوەش نیگەران و ناراحەتە، ئەوە ڕێژیمێکە کە ڕۆژ تا ئێواری لە ڕاگەیاندنەکاندا باس لە خۆیان دەکەن کە ئەوان ئەوەندە بەهێزن ئامریکای دەترسێنن و چ دەکەن و چ دەکەن! بەڵام لە شادی خەڵک، لە هەڵپەرکێی خەڵک، لە جلوبەرگی خەڵک تۆقیون! تەنانەت ماوەیەک لەمەوپێش، لە کوردستاندا لە دوکانەکاندا فرۆشتنی هەوری و جامانە و ئەوانەی قەدەغە کردبوو و پێیان ڕاگەیاندبوون کە ئەو جۆرە شتانە نابێت بفرۆشن! ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترس و لاوازی ئەو ڕێژیمەیە. ڕێژیمێک کە بەهێز بێت، بەتوانا بێت، متمانەی بە خەڵکەکەی هەیە و دەیهەوێت خەڵک لە شادیدا بن، لە خۆشیدا بن، هەموو ئیمکاناتێک بۆ خەڵک دابین دەکات بۆ ئەوەیکە کیشەیان نەبێت؛ شوێنی تایبەتی دروست دەکات بۆ ڕێوڕەسمی خەڵک بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوجارە کە تەنانەت دەیهەویست مەراسمی نەورۆز بێنێتە نێو ساڵۆنەکان بۆخۆی کۆنترۆڵی بکات و بۆخۆی بەڕێوەی بەرێت بۆئەوەیکە خەڵک نەتوانن دروشم بدەن بە دژی ڕێژیم، نەتوانن هەڵپەرن و شادی بکەن، نەتوانن ئاور بکەنەوە لەوێدا! بەڵام خەڵک نەچوونە ژێر باری ئەو جۆرە مەراسمانە کە لە ناوەرۆک خاڵی بکەن و وەک ڕێوڕەسمەکانی دیکە کە ڕێژیم بۆ خەڵک دەیگرێت نەورۆزیش دەستەمۆ بکەن. ڕێژیمیش چونکە خەڵکەکە ئاوا دەبینێت ترسی لێ نیشتووە چونکە گەورەترین مەترسییەک کە بۆ ئەو ڕێژیمە هەیە و کە لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێت، مەسەلەی خەڵکە! هەر حکومەتێک، هەر دەسەڵاتێک، ئەگەر ڕێبەرایەتییەکەی ئیعتمادی لەگەڵ بەدەنەکەی بپسێت، لە تەنگانەدا هیچ شتێک ناتوانێت فریای بکەوێت. جا ئەو دەسەڵاتە بنەماڵەیەک بێت، حیزبێک بیت یان حکومەتێک بێت، فەرق ناکات. دەسەڵاتی بەهێز بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە بتوانێت متمانەی خەڵکەکەی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ئەوە ئەو حکومەتەیە کە لە لێقەوماندا خەڵک لەگەڵی دەستی دەدەنێ، یارمەتی دەکەن، هاوکاری دەکەن بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست پێچەوانەی ئەوەیە. خەڵک ئارەزویان ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە لێی بقەومێت ! تەنانەت ئەو ڕێژیمە ترسەکەی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ئەگەر خەڵک بە شێوەی سەربەخۆ بچن لە مزگەوت پێکەوە نوێژ بکەن هێشتا ئەوان لێی دەترسێن، بۆیە مزگەوتەکانیشیان لە کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە، ئەوەی کە لەوێ خوتبە دەدات ئەو پێشنوێژە دەبێت بۆخۆیان دیاری بکەن ئەوان پێی بڵێن چ بڵێ و چ نەڵێت! خەڵکەکە کۆنترۆڵ بکەن بۆ ئەوەی بزانن لە کۆبوونەوە بۆ نوێژکردن چ دەڵێن و چ ناڵێن؟ ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی لاوازی ئەو حکومەتەیە و چونکە عەقڵیەتەکەی عەقڵیەتی سەردەم نییە ڕۆژبەڕۆژ ئەو زەعیفی و لاوازبوونەی زیاتر پەرە دەگرێت؛ بەپێچەوانەش ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بەرزتر دەبێتەوە و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بەهێزتر و پەرەگرتووتر دەبێت؛ بەڵام با بزانین لێرەدا سەرکەوتن چۆن وەدی دێت؟

ڕەمزی سەرکەوتن لە پێش هەموو شتێکدا بۆ گەلێک ئەوەیە کە خەمی نیشتمانی هەبێت، نیشتمانەکەی خۆش بوێت، ئەو خەڵکە کە نیشتمانی خۆش دەوێت کاتێک نیشتمانەکەی بەدیل دەگیرێت لەلایەن حکومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران وڵاتەکەی داگیر دەکرێت، فەرهەنگ و کلتور و ناسنامەکەی خەریکە دەسڕدرێتەوە و لەنێو دەچێت، مێژووی دەسڕدرێتەوە، بێدەنگ نابێت! بێهەڵوێست نابێت! حازرە بەهایەکی زۆر قورس بدات بەڵام چاولێکەر نییە؛ خەبات دەکات بۆ ئەوەیکە ئەوەی خەریکە لەدەستی دەچێت کە نیشتمانەکەیەتی پارێزگاری لێ بکات ئەو خەباتەش خۆڕاگری و کۆڵنەدانی دەوێت. کەسێک کە نیشتمانپەروەر بێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆڕاگرییە لە بەرامبەر کێشە و گرفتەکاندا؛ کەسێک کە نیشتمانپەروەر نییە نیشتمانەکەی هەرچی لێی بێت گوێی لێ نییە لە فکری خۆیدایە بەڵام ئەوەی نیشتمانپەروەرە حازرە گیانی لەدەست بدات بەڵام بەرگری بکات لە نیشتمانەکەی و ئازادی بکات، بۆیە لە پێناو ئەو خەباتەدا کە دەیکات هەموو تاڵی و سوێری یەو تەنانەت ژیانی خۆشی ئامادەیە لە پێناویدا سەرف بکات. خەڵکی ئێمە بەخۆشییەوە نیشتمانپەروەرن؛ ئەو نیشتمانپەروەرییە ئاکامی ئاگاهییانە، ئاکامی وریاییانە، ئاکامی ئەو تێگەتیشتنەیە کە دەزانن چۆن ئەو ڕێژیمە خاکەکەیانی داگیر کردووە، زمانیان دەبەستێت، ناهێڵێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، ناسنامەکەیان دەسڕێتەوە، مێژوویان چەواشە دەکات، بۆ ئەوەیکە ئەگەر شتێک بە ناوی کورد بشمێنێت هەر بە ناو بێت و ناوەڕۆکێک لەو بارەوە نەمێنێت؛ خەڵک هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی تێدا نەمێنێت و ببێتە کەرەستەیەک لەبەردەستی ڕێژیمدا، بەڵام کورد لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو جۆرە ژیانەی ناوێت، خەبات دەکات و هیواداره خەباتەکەی بە ئاکام بگات. ئەوەیکە خەبات دەکات هیوای هەیە، ئومێدی هەیە، ئومێدی بە ڕزگاری هەیە بۆیە هەوڵی بۆ دەدات. ئەوانە نائومیدن کە بێهەڵوێست بوونە و پێیان وایە تازە ئەو ڕێژیمە هیچی لەگەڵ ناکرێت، بۆیە زۆرتر لەباتی نیشتمانەکەیان لە فکری خۆیاندان کە چۆن لە گۆشەیەکدا نانێکی پەیدا بکەن ئەگەر

درێژە لە لاپەڕەی ٩




درێژەی لاپەڕەی ٨

بە سەرشۆڕیش بیت! قەناعەتی پێدەکەن، بەوە ڕازین، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بەخۆشییەوە ژمارەی ئەوانە کەمە و عەرزم کردن نمودی خەڵکی نیشتمانپەروەر لە بۆنەکاندا لە ڕێوڕەسمەکاندا چاومان پێدەکەوێت و دەیبینین.

نیشتمانپەروەر کەسانێکن کە کاتێک بەرژەوەندی نیشتمان و بەرژەوەندی خۆیان دەکەونە بەرامبەر یەکتر، بەرژەوەندی نیشتمانەکەی هەڵدەبژێرێ؛ ئەوەیکە ئێستا ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین.

ڕەنگە ئەگەر ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرە نەبوایەتن و تەنیالە فکری دۆزینەوەی نانـدا بان، نیشتمانەکەیان چی لێدێت، ناسنامەیان چی لێدێت، مێژوویان چی لێدێت بۆیان گرینگ نەبوایە، بەڵام ئێستا ئێمە دەبینین کە ئەو ڕەوتە پێچەوانەیە.

یەکی دیکە لە ڕەمزەکانی سەرکەوتن یەکگرتوو بوونە، ئەمن باش لە بیرمە سەردەمانێک بوو کاتێ باسی کوردت دەکرد زۆرتر ئەو بەشەی موکریان بوو، جۆغرافیایەکی زۆر بچووک لە کوردستانی ئێران. کوردی شومال گاڵتەی بە کوردی جنووب دەکرد، کوردی موکریان گاڵتەی بە هەردوو لایان دەکرد، ئەوانی جنووب بەشێکیان خۆیان بە کورد نەدەزانی بۆیە ڕێژیمیش گرینگی پێی نەدەدا و حسابێکی بۆ نەدەکرد بەڵام ئێستا دەبینین چۆن کاتێک لە کرماشان و ئیلام بوومەلەرزەیەک دێت خەڵک لە ناوچەی خۆی و سەڵماس و ورمێیەوە یارمەتی دەبەن بۆیان.

کە نەورۆز دێت هەموو کوردستان دەیهەوێت نیشان بدات و جۆرێک کێبڕکێی ئەرێنی لە نێو خەڵکەکەدا دروست دەبێ کە کێ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەشکۆتر بەڕێوە دەبات. لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانن ڕێژیم ڕەنگە بیانگرێ، زیندانیان بکات، جەریمەیان بکات، تەنانەت بیانکوژێ بەڵام حازرن شانی وەبەر دەن و بەجێی بێنن.

لێرەدا ئەو مەسەلە دێتە پێشەوە، کاتێک کەسێک کە نیشتمانپەروەرە خەمی نیشتمانەکەی هەیە ڕەنگە ناڕەحەت بێت، گلەیی هەبێت، کێشە و گرفتی زۆری هەبێت، کاری نەبێت و زۆر ناڕەحەتی بۆ دێتە پێش، بەڵام کارێکی وا ناکات کە لە بەرامبەر ئەو هەموو گرفتانەدا زەرەر بە نیشتمانەکەی بگەیەنێت، هەوڵ دەدات بۆ ژیانێکی باشتر بەڵام نە بە نرخی ئەوەیکە بە زەرەری نیشتمانەکەی تەواو بێت.

چاو لێبکەن ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرەمان هەیە کە بەخۆشییەوە جێگای شانازییە بۆ هەموومان؛ لە بەرامبەریشدا کەسانێکیش هەن کە هیوایان بە نیشتمان نەماوە و لە فکری قازانج و بەرژەوەندی خۆیاندان! ئەگەر کاریان نییە، داهاتییان نییە، گیروگرفتی ڕۆژانەی ژیان بەرۆکی گرتوون دەچن تەسلیمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبن بۆ ئەوەیکە دەستیان ئاوەڵا بێت و بتوانن ئەو گیروگرفتانەیان چارەسەر بکەن، یانی لە نێوان بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی نیشتمانەکەیاندا بەرژەوەندی خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەوانە کەسانێکن کە نائۆمێد بوون و چوونکە نائۆمید بوون لە بەرامبەر دوژمندا چۆک دادەدەن، بەڵام خەڵکێکی دیکە هەیە کە حازرە لە برسا بمرێ بەڵام سەر نەوی نەکا بۆ ڕێژیم بۆ ئەوەیکە نانێکی سەرشۆڕانەی بداتێ.

ئێمە لە نموونەی ئەوانەدا ئەو کۆڵبەرانە دەبینین کە ژیانێکی کارەساتباریان هەیە. کەسانێک کە تەنانەت ناتوانم ناوی بنێم کار! چ کارێک؟ کە تەنانەت حازرن ئەو کارە مەترسیدار و ناخۆش و تاقەتپڕووکێنە بکەن بۆ ئەوەیکە نەچن لە بەرامبەر ڕێژیمدا سەردانەوێنن بۆ پارووەیەک نان، لە نێو ئەوانەدا خەڵکی خوێندەوار، بەتوانا، وەرزشکار، ئەدیب، شاعێر و ئینسانی هەڵکەوتووی تێدایە؛ یا خەڵکانێک وەکوو ئێوە پێشمەرگە لە جێی ئەوەیکە بچن خزمەتی ڕێژیم بکەن و چەک بۆ ڕێژیم هەڵبگرن، چەک هەڵدەگرن بۆ دیفاع لە نیشتمانەکەتان و ئامادەن بەهاکەی بە قیمەتی گیانتان بدەن.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیشماندا ڕۆژانە ئێمە لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو دەبین، ژیانی پێشمەرگایەتی ناوەکەی بە خویەوەیە، لەگەڵ گیروگرفتەکان کە ڕێژیم بۆمان درووست دەکات، جۆغرافیاکەمان بۆمان درووست دەکات، نەیارانمان بۆمان پێک دێنێت، بەڵام کەسێک کە حیزبەکەی خوش بوێت و پێشکەوتنی حیزبەکەی لەلا گرینگ بێت بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە کارێک ناکات کە زەرەر لە حیزبەکەی کەوێت. قسەیەک ناکات، هەنگاوێک هەڵناگرێت، هەڵسوکەوتێک ناکات کە حیزبەکەی خەوشدار بێت، بەڵکوو لە ڕێگای دروست و ئۆسوولییەوە کار دەکات بۆ نەهێشتنی ئەو گرفتانە و هەروەها بۆ سەربەرزی حیزبەکەشی.

مـن لە درێژەی ئەو باسەدا بۆیە هاتمە سەر حیزب چوونکە بۆ خەبات، بۆ ڕزگاری نیشتمان لە پێشدا وجوودی حیزب پێویستە، حیزب ئامانج نییە بەڵکوو ئامرازێکە کە لە ڕێگای ئەوەوە، تۆ خەبات دەکەی نیشتمانەکەت ڕزگار بکەیت؛ وەکوو تفەنگێک کە بە دەستەوەیە، کاری پێدەکەیت بۆ ئەوەیکە لە بەرامبەر هێرشی دوژمندا بتوانیت لە خۆت و لە خەڵکەکەت دیفاع بکەیت. ئەگەر ئەو تفەنگە بە دروستی ڕاینەگری، پاک و خاوێن نەبێت و بەردەوام تەمرینی لەسەر نەکەی لە کاتێک کە پێویستت دەبێت بەکەڵکت نایەت.

حیزب وەکوو ئەو تفەنگەی دەستمان وایە دەبێ ئەو حیزبەیشمان ئاوا ڕێزی لێبگرین و بەهێزی ڕابگرین. ڕەنگە گلەییشمان هەبێت و لە حیزبەکەماندا بەڵام دەبێ یەکگرتوو بین، یەکگرتوویی حیزب چۆنە؟ بەدەوری قانوون و یاسادا، یاسایەک کە هەیە دەتوانێت یەکگرتوومان کات، تەنیا شتێکە کە دەتوانێ یەکگرتوومان بکات.

بەرنامەوپێڕەوی نێوخوی حیزبی دێموکرات ئێمەی یەکگرتوو کردووە، ئێمە یەکمان خەڵکی شومالی کوردستانین، یەکمان لە جنووبی کوردستانین، یەکمان لە ناوەندی کوردستانین، ڕەنگە زۆرمان زاراوەی جیاوازمان بێت، لەباری بیروبۆچوونی سیاسیی و تەشکیلاتییەوە و تەنانەت ئایینییەوە ڕەنگە جیاواز بین، ئەو جیاوازییانە زۆرن بەڵام لە بەرامبەردا یەک بەرنامە و پێڕەومان هەیە، یەک پێڕەومان هەیە کە کۆمان دەکاتەوە و دەمانکات بە یەک پەیکەر. پێشمەرگەیەکی وریا و وشیار قەت کارێکی واناکات کە ئەو پەیکەرە زەربە بخوات بەڵکوو ئەگەر پەیکەرەکەی بریندار بێت هەوڵ دەدات لە ڕێگای درووست چارەسەری بکات.

ئەو یەکگرتووییە لە بنەماڵەی گەورەی حیزبدا و لە نێو کۆمەڵگایشدا دەتوانێت ببێتە هێزی شوێندانەر و ڕۆژهەڵات دەکاتە هێزی شوێندانەر. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە کە دەبێ حەتمەن ئێمە سەرنجی بدەینێ. بۆیە من ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئێوە باس دەکەم، لەبەر ئەوەیکە ئێمە ئێستا لە ئێراندا و، لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەیکە وەک کەرەسەیەکی بەهێز بە دەستمانەوەیە، حیزبەکەمانە، ئەگەر ئەو حیزبە لاواز بێت، بێتوانا بێت، بێ ئێعتبار بێت، چی دیکەمان هەیە؟ دەوڵەتێکمان هەیە پشتیوانیمان لێ بکات؟ دادگایەک هەیە پشتیوانیمان لێ بکات؟ حکوومەتێکمان هەیە پشتیوانیمان لێبکات؟ هیچ شتێک نییە!

کەوابوو ئەو حیزبە بۆ هەموومان گرانبەهایە، حەوفتاوچەند ساڵە خەڵکی ئێمە لەو حیزبەدا خەبات دەکات و قوربانی دەدات و ئەو خەبات و قوربانییەیە کە ئەو حیزبەی زیندوو ڕاگرتووە، لە ماوەی ئەو حەفتاوچەن ساڵەدا چەندین عەشیرەت تێدا چوون، بنەماڵە تێدا چوون، تەنانەت زۆر حیزبی دیکەیش کە نەیانتوانی لەگەڵ سەردەمی خۆیان هەماهەنگ بن، باڵانس ڕابگرن، تێداچوون بەڵام حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەرزانی کۆماری ئیسلامیدا پەراوێز کەوتبوو ئێستا حیزبێکە کە جێگای ئۆمید و هیوای خەڵکە لە ڕۆژهەڵات، ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە خەبات و زەحمەت و قوربانیدانی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات یان ئەو ئازادیخوازانەی کە لە ڕیزی هیچ حیزبێکدا نین بە کەم بگرم، بەڵام حیزبی دێموکرات لە نەزەر خەڵکەوە هێزێکی جیاوازە.

وەک عەرزم کردن ئەو حیزبە ئامرازێکە لە دەستماندایە بۆ خزمەت بە نیشتمانەکەمان، ئەوەندەی کە ئەو حیزبە بەهێز بێت، بەتوانا بێت، بەئێعتبار بێت ئەوەندە زیاتر دەتوانێت لە بەرامبەر ڕێژیمدا خۆڕابگرێت، دەتوانێ خەڵک بە دەوری یەکدا کۆ بکاتەوە، بۆیە زۆر گرینگە کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتدا ئەندامە و لایەنگرە، هەڵسوکەوتەکانی خۆی باش هەڵسەنگێنێت و بزانێت کە دەبێ چ بکات کە بە قازانجی حیزبەکەی تەواو بێت و بێگومان هەمووی ئێمەیش بۆیە لەو حیزبەداین کە دەمانهەوێت خزمەت بە حیزبەکەمان بکەین و حیزبەکەمان پێشکەوتوو بێت؛ بەڵام جاری وایە نائاگاهانە قسەیەک دەکەین، هەنگاوێک دەنێین کە زەرەر بە حیزبەکەمان دەگەیەنێت. جا ئەو قسەیە یا ئەو کردەوەیە بە ئەنقەست بێت یا لە ڕووی باش حاڵی نەبوون بێت فەرقێک لە نەتیجەکەیدا ناکات. خاڵێکی دیکەیش کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە بێنەزمی، بێ دیسیپلینی نەبێتە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە، واتە یەکێک بێنەزمی بکات و زۆریش ئاسایی بێت لە پێش چاومان، ڕەنگە یەکێک لە ڕووی باش حاڵی نەبوونەوە هەڵەیەک بکات ئەگەر ئێمە چەپڵەمان بۆ لێدا و پشتمان گرت پێیوایە کارێکی باشی کردووە یەکێکی دیکەش، یەکی دیکەیش... ئەوە ئیدامە دەدەن، بەڵام ئەگەر هەڵەی کرد، هاوڕێیەکەی، ئەوەیکە لە هەموان پێی نزیکترە پێی بڵێت کە کارەکەی تۆ هەڵەیە و ئەو کارە نابێ دووپات بکەیەوە پێش ئەوەیکە بەرپرسەکەی پێی بڵێت؛ چوونکە هەڵەی هەرکامێکمان لەو حیزبەدا کاریگەری خراپی لەسەر یەک نەفەر نییە لەسەر هەموومان هەیە، لە شتی چووکەوە بگرە تا شتی گەورە. وەکوو ئەوەیە کە تۆ لە چوارچێوەی ئەو سالۆنەدا دانیشتووی یەکێک خەریکە ئەو دیوارە کون دەکات کارەکەی ئەو هەڵەیە ڕەنگە ئەگەر زەرەری ئەو هەڵەیە تەنیا بۆ خۆی بێت گوێی پێ نەدەی بەڵام دەبینی کە ئەو دیوارە کون دەبێ بۆ منیش زەرەری هەیە، من لێرەدا دانیشتووم، ئێرە بە سەرمدا دەڕوخێ دەبێ پێی بڵێم کاکە ئەو کارە مەکە ئەوە کارێکی هەڵەیە تۆ دەیکەی بۆیە لە حیزبێکی پێشکەوتوودا قسەکردن، بیرکردنەوە و هەنگاوهەڵێنان بەتایبەتی دەبێ زۆر وریایانە و وشیارانە بێت.

کەسێک کە لە حیزبێکدایە قسەکردن و هەڵسوکەوتی زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ کەسێک کە تاکێکە. ئێمە هەموومان یەک بنەماڵەین، یەکێکمان خراپ بجووڵێتەوە زەرەری بۆ هەمووان هەیە. جا ئەو هەڵەی ئێمە لە پێشمەرگەیەکی سادەڕا بگرە تا ئەندامان و لایەنگران و ئەندامانی ڕێبەرایەتیش تا هەرکام بە قەدەر خۆی شوێندانەری خراپی لەسەر حیزب دەبێ.

نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویی دەتوانێ کۆمەڵگا بخاتە سەر خەتی ڕزگاری و ڕێی پێ نیشان بدات و سەرکەوتووی بکات، ئێمە لە دەوروبەری خۆمان زۆرنموونەی سەرکەوتوو و شکست خواردوومان هەیە بەڵام پێم خۆشە لە ئاخرین نموونەکاندا بۆتان باس بکەم. ئێمە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لە ئەفغانستان بینیمان کە تاڵەبان حکوومەتی ئەفغانستانی ڕوخاند، لە ئاکامی ئەوەدا، لە پێشدا سەرۆکوەزیران چەمەدانە پووڵەکانی پێچاوە و هەڵات بۆ دەرێ.

ئێوەیش لە تلویزیۆنەکاندا بینیتان کە کاتێک تەیارەکانی ئامریکایی و ئورووپایی دەهاتن بۆ ئەوەیکە خەڵکەکەی خۆیان بگوێزنەوە بۆ وڵاتەکەیان چۆن دەچوون بە دەوری تەیارەکاندا هەڵدەسووڕان و خۆیان پێیدا هەڵدەواسی بۆ ئەوەیکە بڕۆن و وڵاتەکەیان بۆ تاڵەبان بەجێ بهێڵن، بەڵام لە یەک مانگی ڕابردوودا شەڕی ئۆکراینا دەستی پێکرد بە هێرشی ڕووسیا. ڕووسیا لە چاو ئۆکراینا ئەرتەشێکی زۆر بەهێزتری هەیە، ئیمکاناتێکی یەکجار گەورەتری هەیە، هەموو دنیا پێی وابوو کە ڕەنگە ڕووسیا لە ماوەی حەوتوویەکدا ئۆکراینا بگرێت.

ئامریکا داوای لە سەرکۆمارەکەی کرد کە تەیارەی بۆ بنێرێ بۆ ئەوەیکە وڵات بە جێ بهێڵێ بەڵام سەرکۆمارەکەی وتی تەیارەم بۆ مەنێرە، ئەسڵەحە و چەکم بۆ بنێرە ئێمە بەرگری دەکەین. بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە لە دەرەوەی ئۆکراینا کە نیشتەجێی بوون ژیانی ڕاحەتیان هەبوو هەموویان بەجێ هێشت و گەڕانەوە وڵاتەکەی خۆیان بۆ ئەوەیکە چەک هەڵگرن و لە دژی ئەو حکوومەتەی کە هێرشی کردووەتە وڵاتەکەیان ڕاوستن، ئەوەیکە توانای چەکهەڵگرتنی بوو چەکی هەڵگرت، بە دەیان هەزار نەفەر لە دەرەوە گەڕانەوە بۆ نێو وڵاتەکەیان بۆ ئەوەیکە لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستن.

هەستی نیشتمانپەروەری ئەوانی ناچار کرد کە پێ لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بنێن بەڵام نیشتمانەکەیان ڕزگار بکەن. ئەوە دوو نموونەیە لە کۆمەڵگای نیشتمانپەروەر و کۆمەڵگایەک کە هیوای بە نیشتمانەکەی نەماوە.

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئۆکراینا کە دەستی کرد بەشەڕ هەموو ئۆرووپا و ئامریکا لە پشتی ڕاوەستان و چەک و یارمەتی یان بۆ نارد و ئێستاش بۆی دەنێرن، ئەوە ڕاستە بەڵام کەی ئەو کارەیان کرد؟ کاتێک بینیان کە سەرکۆمارەکە ماوە و خەڵکەکە حازرن بمرن لە وڵاتەکەیاندا بەڵام نەڕۆن، ژن و منداڵیان بەڕێ دەکەن. هەموو ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان لە شەست ساڵ بەرەو خوارە زۆر لە ژنەکان لە وڵاتەکەیدا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەیکە لە دژی دوژمن شەڕ بکەن بۆیە دنیا هاتە پشتیان، ئێمەیش لە حیزبەکەماندا وەک حیزبی یەکگرتوو و ئەوەی پەرە پێدەدەین بۆ وڵاتەکەمان، لە وڵاتی یەکگرتوودا دەتوانین لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستین. هەر وەکوو ئەو خەڵکەمان کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاوستاوە، ئەوانە ڕووداوی زۆر گرینگن کە ئێمە دەتوانین دەرسیان لێوەربگرین.

مـن پێم وابێت ئەوەی لەو ماوەدا هاتەپێش لە ئەفغانستان و لەلایەکی دیکەوە لە سەر ئۆکراینا دەرسێکی گەورە بوو بۆ هەموو خەڵکی دنیا. ئەوە کاریگەری لە سەر سیاسەتی جیهانی دادەنێت، ئێمە دەبێ لەوانە فێر بین هەرچەند کورد و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا حیزبی دێموکرات ماوەی حەفتاوچەند ساڵە باجی ئەو نیشتمانپەروەرییە دەدات، هەر بۆیەشە ماوەتەوە و جێگای ئێعتبارە بەڵام ئەوە لە داهاتوودا گرینگتریش دەبێت، دەبێ کاری لەسەر بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە ئاخرین خاڵە دەمەوێت لەگەڵتان باس بکەم لەپێوەندی لەگەڵ یەکگرتووییدایە، من لە پەیامی نەورۆزیشدا ئەوەم باس کردووە کە مەسەلەی یەکگرتوویی بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو هەلومەرجەدا مەسەلەی حیزبێک و کەسێک و گرووپێک نییە، مەسەلەی نیشتمانە، نیشتمانەکەمان ئەوەی لە ئێمە دەوێت؛ دەیهەوێت خەڵکەکەمان یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕزگاری بکات.

ئەگەر سەردەمانێک مەسەلەی ئینشعاب و جودابوونەوە و دابەشبوون و لەتلەتبوون ماڵی کوردی وێران کردبوو، کە ئێستاش باجەکەی دەدات لە هەموو بەشەکاندا، ئێستا سەردەمی یەکگرتوویی یە چوونکە دەرکەوت کە ڕزگاریی نیشتمان بە دابەشبوون ناکرێت، بۆیە بێلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە کێمان پێمان ناخۆشە و کێمان پێمان خۆشە، مەسەلەی یەکگرتوویی لە ڕۆژهەڵات مەسەلەی نیشتمانە و ئەوە دەبێ جێبەجێ بێت. لە حیزبی دێموکراتیشدا وەکوو حیزبێکی مەسئوول کاتێک کە لە ڕاساندا باسی یەکگرتوویی و بەهێزبوونی ڕۆژهەڵات دەکات ناتوانێ لە حیزبەکەی خۆیدا بە نیسبەتی حیزبەکانی دیکەوە لە بەرچاوی نەگرێ.

بۆیە ئێمە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، ئەوەیکە دەکرێ هاوپەیمانی پێک دێنین، لێک نیزیک دەبینەوە، ئەوەیکە بکرێ یەک بگرینەوە، یەک دەگرینەوە و ئەو بەشە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە جودا بوونەوە و لە حیزبی دێموکرات ئینشعابیان کرد کە ئێستا ئێمە بە ناوی لایەنی دیکەی دێموکرات دەیانناسین بەپێی ئەو زەروورەت و بەپێی ئەو سیاسەتە لە فکری یەکگرتنەوەداین و واردی وتووێژ بووینە.

پێم خۆشە ئەوەتان عەرز کەم کە ئێستا ئێمە لەو قۆناغەدا ئومێدمان بە یەکگرتنەوە زیاتر لە هەموو ڕابردوویە و من پێموایە کە دەبێ هەوڵ بدەین ئەوەندەی کە لە توانامانداید و لەسەر شانمانە بە ئەرکی خۆمان هەستین و بەو شێوەیە پەیامێک بدەین بە خەڵکەکەمان کە ئێمە لەگەڵ ئێوەدا ڕاستگۆین، کاتێک داوای یەکگرتنەوە لە خەڵکەکەمان دەکەین خۆشمان لە نێو حیزبەکاندا هەوڵی بۆ دەدەین و ئەوە پەیامێکە کە بە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی دەدەین کە لە باتی قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکەسی، گرووپی و حیزبی، بەرژەوەندی نیشتمان باڵاترە. لەبەر بەرژەوەندیی نیشتمان دەبێ یەکگرتوویی پێک بێت، ئەوە ئامانجی ئێمەیە، دروشمی ئێمەیە، کارمان بۆ کردووە و کاری بۆ دەکەین.

هیوادارم کە زۆر نەخایەنێ کە ئێمە هەموومان پێکەوە، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵات و باقی دۆستان و دوژمنانمان بزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێڕەوی ڕزگاری نیشتماندا هەنگاو هەڵدەگرین.

زۆر سپاستان دەکەم هاوڕێیان من شتێکی دیکەم نییە باسی بکەم هەرچەن باسەکەمان درێژ بوو بەڵام لەمێژ بوو لە مەجالێکی ئاوا دەگەڕام کە بەدەوری یەکدا کۆببینەوە و قسە و نەزەری خۆمان لەگەڵ یەک باس بکەین، دەردەدڵی خۆمان بکەین، پێشنیاری خۆمان بکەین، ئەگەر ڕەخنەشمان هەیە بیگرین لە یەکتر بەڵام حیزبەکەمان لەبیر نەکەین،حیزبەکەمان دەبێ بە یەکگرتوویی بپارێزین و بەهێزی بکەین، زۆر سپاستان دەکەم.

# مەلا عەلی سێڵاو:

## پاش تێپەڕینی ٧٥ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ئەستێرەی درەوشاوەی نیشتمان، پێشەوای هەمیشە زیندوو، بیرو ئەندێشەی ئەم ڕێبەرە نەتەوەییەمان، ڕۆژبەڕۆژ گەشاوەتر و ڕێگا و ڕێبازی پڕشکۆتر و دوژمن تۆقێنترە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

٧٥ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان و گەلی کورد بەخت کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کرد. ئەمڕۆ پێشەوا تەنها وەک سیمبۆلی ڕاپەڕین و بناغەدانەری یەکەمین کۆماری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاو لێ ناکرێت، بەڵکوو لە هەر چوار بەشی کوردستان هەتا ڕادەیەکی زۆر ئەم یادە بەرز ڕادەگیرێت. کۆماری کوردستان کە لە سەردەستی پێشەوا و بە سەخاوەت و لێهاتوویی ئەم ڕێبەرە زانایە دامەزرا، لە مێژووی گەلەکەماندا کەموێنە بوو و ئەمڕۆ بە یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی ناسیۆنالیزمی کوردی ناوزەد دەکرێت. لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «مەلا عەلی سێڵاو» کادری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و گرینگی ئەو ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستانمان هێناوەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین..

**. کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و گیانفیدایی و خۆنەویستی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕێبەرەی گەلی کورد چۆن دەنرخێنن؟**

دیارە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک کەسانێک هەبوون و هەن کە سەرمەشقی ژیان و خەبات و بەربەرەکانی بوونە و ڕۆڵەکانیان و نەوەی دواڕۆژیان شانازییان پێ کردوون و ڕەوڕەوەی تێکۆشان و گیانبازی و خۆنەویستیان هاندەری نەسڵی دواڕۆژی گەلەکەیان بووە بۆ زیندووهێشتنەوە و لەیادنەکردنی ئەم فیداکارییەیان.

پێشەوا قازی محەممەد، یەکێک لەم کەسایەتییە مەزنانەی کوردە کە پاش تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی، هەروا ناو و یاد و خەباتی لە ڕۆژڤی سەردێڕەکانی خەبات و بەربەرەکانێی ڕۆڵەی کوردە! پێشەوا لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەری مەهاباد لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندن و وانە ئایینییەکانی لە حوجرە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تەواو دەکات و بەهۆی زیرەکی و وریایی و درک کردن بە پێویستیی زانینی زمان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی خۆی فێری ٦ زمانی جیاواز دەکات، ئەم کەسایەتییە لەنێو ڕۆشنبیرانی ئەوکات و سەردەمە بە زوویی دەناسرێت هەربۆیە ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد داوای لێدەکەن پەیوەندییان پێوە بگرێت و شادەماری شۆڕشی کورد بەدەستەوە بگرێت.

قازی محەممەد هەم لەڕووی ئایینی و هەم لەڕووی نەتەوەییەوە هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردبوو و بە زەرووڕەتی دەزانی کە کورد دەبێ بگات بە مافە ڕەواکانی خۆی، هەربۆیە داخوازی ئەندامانی ژ-ک قبووڵ دەکات و سەرۆکایەتی ئەم شۆڕشە بە دەستەوە دەگرێت.

قازی وەک ڕۆشنبیر و مرۆڤێکی ژیر بە زوویی هەست بەوە دەکات کە شۆڕشی کلاسیکی کورد دەبێ قۆناغەکانی کلاسیکی بەرەو شۆڕشی مۆدێرن و سەردەم و خاوەن بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسی کە هەم مافەکانی نەتەوەیی گەلی زوڵملێکراوی کوردی تێدا بەدی بکرێت و هەم ئازادییە تاکەکەسییەکان دابین بکات و لەلایەکیترەوە بتوانێت وڵامدەری دانیشتووانی کوردستان بێت، بۆیە بە بینینی ئەم ڕاستییە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک دێنێت کە بە حەق لە ناوچەکە و خۆرهەڵاتی ناڤین کەموێنە بوو، پاشان بەهۆی ئەم دەرفەتە کە ڕێژیمی پەهلەوی بەرەوڕووی تێکچوون و زەعف ببوو و وڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە لەلایەن ڕۆژاواییەکان و لە باکوور و ڕۆژاوا لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کرابوو لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و کوردی بۆ یەکەم جار کردە خاوەن دەوڵەت و سەربەخۆیی.

ئەگەرچی لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەم کۆمارە ڕاگەیەندرا بەڵام دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ هەموو کوردستانیان و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان شۆڕشگێران و دڵسۆزانی کورد بەشداریان لەم کۆمارەدا کرد.

پێشەوا هەوڵی دا نێو ماڵی کورد ڕێک بخات و کوردەکان فێری یەکبوون و یەکدەنگی بکات تا ببنە هێزێکی شوێندانەر، بۆ ئەم مەبەستەش هەر هەنگاوێکی پێویستی گرتە بەر کە گرنگترینی ئەم هەنگاوانە بەخشینی گیانی پڕ لە سەروەری خۆی بوو بۆ نیشتیمان و نەتەوە و سەربەستی ڕۆڵەکانی.

پاش ڕێککەوتن و دانانی جێگرەوە بۆ پەهلەوی و پشتکردنی ڕووسەکان لە کورد و ئازەرییەکان، کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی هێرشی ڕێژیمی شاهەنشاهی ئێران و گەمارۆ درا، پێشەوا قازی بە بینینی ئەو ڕاستییە کە لەم بارودۆخەدا کورد ئەو هێزە نییە بتوانێت شەڕی فیزیکی لەگەڵ ئەم لەشکرکێشییە بکات پێویست بوو فیداکارییەک بکات کە هەم شۆڕشی کورد زیندوو ڕاگرێت، هەم ڕۆڵەی کورد فێری لەخۆبوردوویی و گیانفیدایی بکات بۆ پاراستنی کەرامەتی خاک و وڵات بۆیە خۆی ڕادەستی دوژمنان کرد و بەم جۆرە پێشگیری کرد لە تاوانکاری دوژمن و ڕژانی خوێنی لاوانی کوردستان.

لە مێژووی گەلەکەماندا ئێمە خاوەنی دەیان سەرکردە و فیداکاری ڕێبەران و سەرکردەکانمان بووینە؛ بۆوێنە شێخانی پیران و نەهری و سمکۆ و هتد بەڵام فیداکاری کەسایەتی پێشەوا لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی ترمان ناکرێت هاوسەنگ بکرێت، چونکە پێشەوا، پێش پاراستنی گیانی خۆی مەبەستی پاراستنی گیانی دانیشتووانی کوردستان و پاراستنی نیشتمان بوو، زۆرباش دەیزانی لە سێدارە دەدرێت بەڵام هاوکات زۆر باشیش دەیزانی ئەم فیداکارییە دەبێتە هەوێنی مانەوەی شۆڕشی کورد و بەردەوامیی ڕێگاوڕێبازی پڕشکۆی، هەربۆیە خۆی و گیانی شیرینی خۆی فیدای ئەم ئامانجە کرد، ناکرێت نرخ بۆ ئەم گیانبازییە دانێین بەڵکوو پێوان لە ئاست دانانی نرخ بێ‌توانا دەبێت، قازی زەریای بیابانی وشک و داگیرکراوی کوردستانە کە ڕۆڵەکانی کورد مەلەی تێدا دەکەن و ڕێبازی ون ناکەن.

**- دوای تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا، تا چەندە بیر و ئەندێشەی پێشەوا لە برەو و بەرەوپێشچووندایە؟**

پاش تێپەڕینی ٧٥ساڵ بە سەر لەسێدارەدانی ئەستێرەی درەوشاوەی نیشتمان، پێشەوای هەمیشەزیندوو، بیروئەندێشەی ئەم ڕێبەرە نەتەوەییەمان، ڕۆژبەڕۆژ گەشاوەتر و ڕێگاوڕێبازی پڕشکۆتر و دوژمن تۆقێنترە، ئێستا ڕۆڵەکانی کورد، وریاتر و چاوکراوەتر لە جاران بەتایبەت پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات تێکەڵاوی حیزبەکەی قازی دەبن و سەنگەری دێموکرات ئاوەدانتر دەکەنەوە و دەبینین کۆماری ئیسلامیی ئێران تاچەند هەستی بە مەترسی کردووە و زیقەی لێ بەرز بۆتەوە و لە تێلڤیزیۆن و نووسراوە ڕەسمییەکانیدا دان بە بوونی ئەم حیزبە دادەنێت و شڵەژاوانە شکایەت لە وڵاتانی دەوروبەر دەکات؛ هەر ئەوە هەڵگری ئەم ڕاستییەیە کە هزر و ئەندێشەی قازی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە پەرەئەستاندندایە.

**. ١٠ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کردووە، هەڵگری چ پەیامێکی گرینگە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆماری کوردستان و پێشەوای کوردان بە موڵکی هەموو گەلی کورد دەزانین ئەگەرچی ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە کۆماری کوردستانی درووست کرد بەڵام کۆمار بەتەنیا نە هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نە هی حیزبی دێموکراتە، بەڵکوو هەموو کورد خاوەندارییەتی کۆماری کوردستانی کردووە و ئاڵا و سروود و ناوی پێشمەرگە فەراگیر بووە و ئامانجی کۆماری کوردستان بۆتە ئامانجی هەر تاکێکی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان؛ بۆیە پێویستە ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بێت.

پەیامێک کە ١٠ی خاکەلێوە بڵاوی دەکاتەوە پێمان دەڵێت پێویستە کورد هەم یەک بن، یەکبگرن و وەسیەتی کۆتایی پێشەوا بەهیند وەرگرن و هەر هەموو کورد لەژێر یەک ئاڵادا دەتوانن بگەن بە ئامانجەکانیان، پێمان دەڵێت ڕۆڵەی کورد دەبێ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و نەتەوەکەی فێری قوربانیدان و فیداکاری بێت چوونکە داری ئازادی بە بێ فیداکاری و بەخشینی خوێنی زوڵاڵی لەشمان شین نابێت. پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە ڕێبەری نەتەوەیی بۆ کورسی و خۆسەپاندن نییە بەڵکوو بۆ فیداکاری و لەخۆبردوویییە کە دێموکرات ئەم واقعییەتەی بە کردەیی سەلماندووە و ڕێبەرانمان گیانیان فیدای ڕێبازیان کردووە.

**. ١٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی دەتوانێت سەلمێنەری بەشێک لە شوناسی کورد بێت؟**

بێ گومان ١٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی شوناسی گەلی کوردە، لە سەرەوە باسمان کرد کە هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەنی سومبوول و سەرمەشقێکن کە باشترین کەسەکانیان بوونەتە ئەم سومبوولە و شانازییان پێوە کردووە، ئەگەر ئێمەی کوردیش لە هەر چوارپارچەی کوردستان ١٠ی خاکەلێوە بکەین بە ڕۆژی شەهیدان هاندەرێک دەبێت شۆڕشگێرانی هەر چوارپارچەی داگیرکراو کوردستان بە یەک وڵات و یەک ئامانج ببین و دەتوانین خاوەن بڕیارێکی پووختەی نەتەوەیی بین و هەنگاوێکیش دەبێت بۆ لێکنیزیکبوونەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان و پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی و دەنگمان دەبێت بە یەک؛ هەم بەڕووی جیهان و هەم بەڕووی دۆست و دوژمنانمان، بۆیە کاتێک باس لەوە دەکەین کە کۆمار موڵکی گەلی کوردە ١٠ی خاکەلێوەش ساڵڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی شوناسی گەلی کوردە.

**. تا ئێستاش بەشێک لە هێزەکانی کوردستان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەیان نەک هەر وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان قەبووڵ نەکردووە بەڵکوو پێیان وایە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی تایبەت بۆ ڕۆژی شەهیدان نییە، هۆکار چییە؟**

بەشێک لە هێزەکانی کورد گرنگی بە مەسەلەی نەتەوەیی نادەن یان لە فەلسەفەی وجودییاندا هەست بەو ڕاستییە ناکەن کە تاکوو چارەسەرنەکردنی مەسەلەی نەتەوەیی هیچ چارەسەرێک بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان وەک ئازادییە فەردییەکان و دێموکراسی و چەمکە جۆراوجۆرەکان نییە، هەر ئەوەش وای لێکردووە خولیای بیرکردنەوەی هەڵە و نادرووست بن و بکەونە داوی ئەشعاری پۆپۆلیستی و جۆرەها ڕەنگ و بەیداخ و سیاسەتی نادروست، هەر بۆیە پێیانوایە چارەسەری مەسەلەی کورد تەنیا لە دەوری چارەسەری باری ئابووری و ئازادییە تاکەکەسییەکاندا مسۆگەر دەبێت، و لەڕاستیدا ئەم سیاسەتە شکستخواردووە لە جیهان نەماوە یان زۆر بەکەمی دەبینرێت، بەڵام بەداخەوە ئێستاش جیهانبینیی توودەیی و چەپی ڕادیکاڵ کە چینەجوراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان دابەش دەکات کەمتازۆر هەروا بەردەوامە و وێڕای برین و کەلێن خستنە نێو ماڵی کورد هۆکارێکیش بوونە بۆ دوژمنان کە گوێ بۆ داخوازییە نەتەوایەتییەکان بە باشی نەگرن!


ئەم بەشە لە ئەو هێزانە زیاتر لە ژێر هێژمۆنی فەلسەفەیەکی شکستخواردوودا دەجووڵێن و سیاسەتی مارکسیزم و لێنێنیزم و جۆرە لیزمەکانیتر هەروا شرۆڤە و گەنگەشە دەکەن و ناوەندی ئەم تێڕوانینانە بۆیان بۆتە مەدینەی فازڵە بێ ئەوەی بچووکترین دەسکەوتێکی هەبێت، هەر بۆیە ئەوان لە ژێر ئاڵای کوردستان و ڕزگاریی نەتەوەیی خۆیان نادۆزنەوە و ڕێبەری نەتەوەیی گەلەکەمان بە ڕێبەری خۆیان نازانن و هەوڵیش نادەن لە ژێر باندۆڕی ئەم فیکرە شکست خواردووە دەرکەون

**. کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە کە بیهەوێت کیانی سەربەخۆی هەبێت، پێویستی بە دیاریکردنی هێما و ڕۆژی مێژووی هاوبەشی خۆیەتی، ئایا لەنێو هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەتا چەندە بیری لەوە کراوەتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟**

ئەو گەلانەی سەربەخۆییان بە دەست هێناوە و خاوەن کەرامەتی نەتەوەیین بەهۆی کۆمەڵێک هێما و ڕۆژی مێژوویی بووە، ئەوان هێماکانیان و ڕۆژە دیار و مێژووییەکانیان کردووەتە مەشخەڵی یەکبوون و لەژێر کاریگەری ئەم هێما و ڕۆژانەدا کۆبوونەتەوە و بوونەتە یەک جەستە و بوونەتە خاوەن یەک نیشتمانی ئازاد و سەربەخۆ، بەبێ هێما و ڕۆژێکی دیار ناتوانیت دروشم بۆ یەکبوونی نەتەوەیی بدەیت؛ ناتوانی کۆی نەتەوەیی بخەیتە ژێر کاریگەری داخوازییەکانت، ناتوانیت باس لە ئامانجی نەتەوەیی بکەیت بەڵام گەر هێماکان و ڕۆژە مێژووییەکان ببن بە سیمبوڵی نەتەوەیی زۆر باش دەتوانێت حەڵقەیەک بێت لە دەوری گەل و پێکگرێدانی تاکەکانی نێو کومەڵگا!

لە کوردستانیش هێزە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکان لە هەر چوار بەشی لەتکراودا بۆ ئەوەی بتوانن کورد یەک بخەن ئەم هێما و ڕۆژە مێژوویانەیان بەرجەستە کردۆتەوە و ئەو هێزانەش ئاشکران و تاکەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەیاننا‌سن، ئەوانەی لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کۆمار و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و سروودی ئەی ڕەقیبدا خۆیان دەناسێنن هەر هەموویان هەڵگری پەیامی سەربەستی و ڕزگاریی گەل و نیشتمانن، ئەگەرچی شێوازی جۆراوجۆر و سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەوەش بەهۆی بارودۆخی ناوچە و جیهانی و مەکانی و زەمانی بەڵام هەر هەموویان بەگشتی لەو فیکرەدان کە کورد خاوەنی کۆمارێک بووە و دەبێ بە ئامانجەکانی ئەم کۆمارە بگات.

دیاریکردنی ١٠ی خاکەلێوە وەک هێمای گیانبازی و فیداکاری ڕێبەرانی کورد و ڕۆژی شەهید، دەکرێت ببێتە ڕۆژڤی قسەکانی پارتە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەتایبەت ئەو هێزە شۆڕشگێڕە نەتەوەییانەی ئامانجیان سەربەخۆیی یان فیدڕالیزمە! ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەتوانێت هەنگاوێکی ئەرێنی بێت بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی هێما نەتەوەییەکان موڵکی گشتی بن و هەر هەموویان پێکەوە کار بکەن لە ژێر هێژمۆنی ئەم هێما و ڕۆژە مێژووییانە و ببنە هێزێکی پووشتە بەدژی داگیرکەرانی کوردستان.





له (٣٠)ی مارسدا فرمێسک ئەکەین بە گڵۆپ.
خەم ئەکەین بە ڕێگای هەتاو،
ئازار ئەکەین بە گوڵەبەڕۆژەی ژیان،
سێدارە ئەکەین بە پەیژەی تێکۆشان.
پەت ئەکەین بە پردی پەڕینەوە لە تاریکی.
سەری پێشەوایش بەو خۆرەی کە هەرگیز
ئاوا نابێ
بەهارێکیان کوشتین و
کەچی هەر لەو ساڵەدا
سەدان بەهاری ترمان لە دایکبوونەوە
ئێمە لە خەزاندا چرۆمان کردەوە
لە مردنا ژیاینەوە.

م. شێرکۆ بێکەس

لە ڕەوەتی مێژوودا
هێندێ کەس دەبن بە ئوستوورە و
سەمبولی بەرخۆدان
وەک شێخ و
بارزانی و
پێشەوا
هێندێ ناو دەبن بە ڕەمز و ڕاز
وەک بەردە قارەمان
ئاڕاز و
چوارچرا

م. جەلال مەلەکشا

چوارچرا

ڕەنگە ئاسمان،
کوژانەوەی چرای ماڵ و تاریکبوونی هەتاوێکی بیرچێتەوە
ڕەنگە دەریا،
بەندکران و دابڕانی گەورەترین ڕووباری خۆی بیرچێتەوە
ڕەنگە جەنگەڵ،
دووکەڵی سووتمانی جەرگ و
مەرگی سەدان شاداری خۆی بیرچێتەوە
ڕەنگە پێدەشت،
کوێرکردنی چاوگەیەکی پڕئاوی خۆی بیرچێتەوە
ڕەنگە زاگرۆس،
داڕمانی لووتکەیەکی خاراوی خۆی بیرچێتەوە
ڕەنگە دایکێک، تەنیا لە وەختی مەرگیدا
خوێنی ڕۆڵەی، یان تاقەبرای بیرچێتەوە،
بەڵام هەرگیز،
هەرگیز، هەرگیز،
هاوزمانانی ئەم شێعرە،
هیچ کەس نییە، دەی خاکەلێوەی مەهاباد، یان چوارچرای بیرچێتەوە!

ڕەحیم لوقمانی

هەرلەحەوزی شاری بۆکان، تامەیانی چوارچرا
داری خنکانن چەقاوەو پەت لەگەردن هەڵخرا
وان بەسەر سێدارەوە، میوانە شێری نرکەدار
چەندە ڕۆڵەی قارەمان و پێشەوای کوردی هەژار
چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارەدران؟
غەیری دڵسۆزی وڵات و،دوژمنی داگیرکەران!
دوژمنینە دڵنیابن، کورد بەمە ناتوێتەوە!!
ڕەوڕەوەی بەڵکوو بەرەوپێش، مل ئەنێ و
ناکشێتەوە.

م. قانع

لە داوەتی کچ و کوڕێکی پێشمەرگە
ئەنگووستیلەیەکیان هێنا بۆ قامکی زاوا
وتیان هانێ!
لە ئەنگووستی چکۆلەتی کە
زاوا وتی: نا، لە قامکی چکۆلەی ناکەم
دۆشاومژە بۆ کلکەوانە شیاوە
چونکە ئەم قامکە پیرۆزە
لەسەر زیتەی تفەنگەکەم
بە هەزاران داگیرکەری خاکی نیشتمانی ڕاو ناوە!
بووکیش وتی:
منیش تارای سەرم دەبێ
تان و پۆکەی چنراو لە کاڵای ڤیان بێ
دیواخەکەم
یادگاری قازی محەممەد
ئاڵای بەرزی
کوردستـــــــان بێ!

م. جەلال مەلەکشا

لەسەر مەزاری پێشەوا

قەڵای بەرخۆدان مەردی خۆڕاگر
چیای کوردستان دەروون پڕئاگر

لەپێشا سەری شەرمەزاری و دڵ
لەسەرمەزارت دەنێمە سەرگڵ

لەپاشان لێزمەی سڵاوی بێزار
لەخزمەتی تۆ بڕژێتە مەزار

سوارچاکی مەیدان قەڵای زۆرشکێن
خوێناو لەچاوی زاڵمان تکێن

تاجی زێڕینی گەلی کوردستان
ڕووباری ڕوونی گەرمێن وکوێستان

خەباتگێڕەکەی بێحەساننەوە
زنجیری بڕوای بێپسانەوە

قۆڵی مەردانەت هەڵکرد بۆمەبەست
یەکەم کەس ئاڵات هەڵبڕی بەدەست

بیروباوڕت چووە کەهکەشان
داری سێدارەت تەواو داوەشان

هەڵوێستت هەستی میللەتێ پاکە
ئەوەی کە کوردبێ و مەردبێ خەمناکە

چوارچرا چرای بوو بە شەوەزەنگ
شاری شیرینت گۆڕاوە لە ڕەنگ

مێژو نێوی تۆی لەئامێز ناوە
بۆهەمووگەلان بووبە سەرچاوە

دڵگران نەبی کاروانی پیرۆز
درێژەدارە بۆخزمەتی هۆز

هەرچەن لەڕێگات کورتی دەهێنین
لەسەر ڕێبازت دژمن شکێنین

بەبەرزی تۆوە دەکەین شانازی
سڵاو لە ڕۆحت پێشەوا قازی

ڕەفیق بێزار

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :820 4 April 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ئەندێشەی پێشەوا مەشخەڵانی ڕێگای خەباتمانە





